# کـــــۆمـــۆنیـزم

گروپی کۆمۆنیستی ئەنتەرناسیونالیست

**دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا** **بۆ لەناوبردنی سیستەمی کاری کرێ گرتە**




لوبنان

ژمارە 7

6000 دیناری عێراقی 3 یۆرۆ 4 دۆلار


عینوانی ئینتەرنێتیمان: http://gci-icg.org ئیمێڵەکەمان: info@gci-icg.org




بیروت، **Lebanon** : " لە 17ی ئۆکتۆبەر دا، بە خۆپیشاندانێکی بچوك دژ بە پێشنیارەکانی حکومەت بۆسەپاندنی زەریبەی نوێ ، لە وانە زەریبە لەسەر تەلەفوون کردن بە **WhatsApp** ، لە بەیروت دەستی پێکرد، کە هەر زوو بە زوو بە دەیەها شار و شارۆچکەی وولاتدا بڵاو بووەوە. خۆپیشان دەرەکان جادەسەرەکیەکانیان بە ئاگر گرت و هێڵە سەریعەکانیشیان بڕی. بانقەکان و زانکۆکان و قوتابخانەکان هەمووی لە کار کەوتن.ئەمەش لە دایك بوونی واقێکی شۆڕشگێڕانەی نوێ بوو کە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی خستە لاوە ..." هەروەها دژ بە باری گشتی ژیانی پرۆلیتاریا بوو، کە نموونەکانی لەلوبناندا ئا بەم جۆرەن: جۆرج رزق، لەبەر هەژاری وکەم دەرامەتی کەنەیدەتوانی ماڵ ومناڵی بەخێو بکات، خۆی سوتاند....ناجی فلیطی، کەکرێکاریکی کارگەی بەرد بوو، لەبەر ئەوەی نەیتوانی تەنها قەرزی ٣٥٠ دۆلار بداتەوە،خۆی سوتاند. ژنێك لەناوەراستی جادەی بەیروت، دانیشتوەو گورچیلەکانی هەراج کردوە، بۆ دەست خستنی بژێوی خۆی و مناڵەکانی!!!!... ". ئایانەوێت ئەم بارە بسووتێنن و سەرکەوتی لەسەر بەدەست بێنن..



## بابەتەکانیئەم ژمارەیە:

* پێشەکی
* لە بەغداوە بۆ بەیروت....
* دژ بە دیکتاتۆریەتی ئابووری
*میسر ، سێبتەمبەری  2019
* شیلی: ئێمە بەرەو کوێ ئەچین... 2019
* کۆنگۆ، مانگی 11 ی 2019
*هێلەك زەردەکان:
* نموونەکان لە بەغداو ....
* وێنەکان و...



عێراق

# پێشــەکــی

بەربەرەکانێ چینایەتیەکانی نێوان پرۆلیتاریا، بۆ کۆتایی هێنان به کۆیلایەتی و سەرخستنی مرۆڤایەتی، و بۆرجوازیەت بۆ درێژەدان بە کۆیلایەتی و خاوەندارێتی و کۆمەڵگای پارە، لەسەر ئاستی جیهانی تا دێت خەست تر ئەبێتەوە. پاڵەپەستۆکانی کۆمەڵگای پارە، بۆ زیاتر داڕووتان و سووك کردن و خنکاندن و ژاراوی کردن و کوشتنی ژیان و سەرچاوەکانی ژیان ، لەسەر ئاستی جیهانی تا دێت زیاتر لە بەرزبوونەوەدایە. کارەساتەکانی سەرمایەداری( بوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆی لە خۆی دا کارەساتە بۆ مرۆڤایەتی و کارەساتەکانیشی بەرهەمی بوونەکەیەتی)، ئاگر، لافاو، برسێتی، پیس بوونی ئاوو هەوا، نەخۆشی ...، بە سەعات ملیۆنەها لە چەوساوەکان لە ناودەبات و هەڕەشەش لە توانەوەی ملیۆنەهای تریان دەکات. دەستەکانی بۆرجوازیەت و دامەزراوە جیهانیەکانی کۆمەڵگای پارە لە هەموو شوێنێك سیاسەتەکانی ئەم پاڵە پەستۆیە و کارەساتەکانی ئەگرنە بەر. حکومەت و پارت وپارلەمان و هێزەنیشتمانیەکان و دامەزراوەکانیان لە هەموو شوێنێك بەشێکن لەم دەسەڵاتەی کۆمەڵی پارە و لە خزمەتی بەردەوامی ئەم پاڵەپەستۆیەو زیادکردنی چەوساندنەوەدا ئیش ئەکەن. ئەمڕۆ، وەك دوێنێ و پێرێ، چەوساوەکانی گۆی زەوی، کۆیلەکانی کۆمەڵی پارە، پرۆلیتاریای بێ نەتەوەو نیشتمان، لە زۆر شوێنی جیهاندا هەستاون، دژ بەم بوونەی کۆمەڵی پارە و بە حکومەت و پارت و پارلەمان و دامەزراوەکانی تری خزمەت چی ئەم دیکتاتۆریەتەی سەرمایەداری. یەکگرتوویی و ڕوونی سیاسەت و کردەوەکانی سەرمایەو دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهانی، تێهەڵکێشی هەموو ڕێکخراو پارت و هێزە بۆرجوازیەکان لە هەموو شوێنێك لەم یەکگرتنەدا، بوونی ڕاستەوخۆی هێز و دامەزراوە مالی و چەکداری و بازرگانییە جیهانیەکان لە هەموو وڵاتەکاندا لە پشت ئەم سیاسەتەوەو لە پێش جێبەجێکردنیەوە، ئەمانە و ووردەکاریەکانی تر، تەقینەوەکانی ئەم شەپۆلەی ئەمڕۆی خەباتی جیهانی پرۆلیتاریای لەیەك داوەتەو تێهەڵکیشی کردوون. بەر لەمەش، هاتنە سەر جادەو پەلامار و داگیرکردن و چالاکی و بەردەوامی مانگ لە دوای مانگی خەبات گێران لە شوێنێکدا، هانی پرۆلیتاریای شوێنەکانی تر بۆ خەبات دەدات. هاتنە سەر جادەی پرۆلیتاریا لە شوێنەکانی تر و درێژکردنەوەی خەبات ئەبێتەوە بە هاندانەوەی ئەو شوێنانەی کە لە خەباتدان و هاندانی زیاتری ناوچەیی و جیهانی. ئەمەش تێگەیشتن و ڕقی کۆیلەکان لە کۆیلایەتی و خاوەندارێتی هێناویەتی ، تێکۆشان و یەکگرتوویی خەبات بەرهەمی هێناوە ،نەك هۆکاری ئابووری. بە پێچەوانەی ئابووری ناسان و قوتابیانی بیردۆزی ئەزمەی ئابووریەوە ، هەستانی پرۆلیتاریا و تیژ کردنەوەی دژایەتیەکەی بە کۆیلایەتی و بە دیکتاتۆریەتی ئابووری یە کە ئەم بەربەرەکانیانەی ئەمرۆی بەرهەم هێناوە ، نەك " هۆکاری ئابووری"، یان " سیاسەتی چەوتی حیزبەکان"، یان " فەسادی حکومەت" . دوو چینی جیهانی دژ بەیەك لەململانێی جیهانیدان بۆ سەرخستنی بەر ژەوەندیە دژ بەیەکەکەیان: بۆرجوازیەت زیاتری ئەوێت و ناتوانێت بمێنێتەوە ئەگەر زیاتر خۆی نەسەپێنێت، پرۆلیتاریا لەوە زیاتر نادات و ئەیەوێت ئەوەشیان لێ بسەنێتەوە کە چەندین ساڵە ئەیبەن. ئەم ململانێ یەیە کە ئەمڕۆ ئاگرەکانی شەڕ و خەباتی لە جیهاندا هێناوە و دامرکاندنەوەی بۆ نی یە. لە جێگەیەك خاو ئەبێتەوە، یان پشوو ئەدات، لە شوێنێکی تر ئەتەقێتەوە. دیسانەوە هەڵ ئەداتەوە... ئەمەیە دیاردەی زاڵی ئەمڕۆی کۆمەڵی پارە، نەك مونافەسەی دەوڵەتەکان ( ڕوسیا و چین و ئەمەریکا ، وە کو ئابووری ناسان بۆمان شی ئەکەنەوە) ، یان سەرۆك کۆمارەکان( وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەهۆڵی بۆ لێ ئەدەن) ، یان شەڕی ئایینەکان ( وەکو سیخوڕەکانی سەرمایە هانی ئەدەن). یاخی بوونەکانی پرۆلیتاریا دەستی خستۆتە بینەقاقای دیکتاتۆریەتی ئابووری و ئەیەوێت بیخنکێنێت، سەرکردەو حکومەت و پاڕلەمانەکانی کردۆتە کونەوە و لەیەکی بەرداون و ئیفلاسی پێ کردوون، بازرگانی شڵەژاندووە، پارەدارەکانی هێناوەتە لەرزین و ئەیەوێت ڕوتیان کاتەوە ، جادەو کۆڵانەکانی لێگرتوون ، ڕووبەڕووی هێزە چەکدارەکانی بۆتەوە و خەباتی بەزینیان ئەکات ، بەمانەش دەرگای کردۆتەوە بۆ بەردەوامی خەبات و برەودان بە هاوڕێیەتی و ژیان و خەباتی کۆمەکی .. ئەم خەباتە دژ بە چەوساندنە وەو دژ بە زۆرداریە جیهانیە، لە کۆمەڵایەتی بوونەوە و هەڵکشانی دا ، زیاتر سنوور و دەسەڵاتی سەرمایەداری ئەشکێنێت و دەست پێشخەری و بەرو بوومی نەوعی بەر هەم دێنێت.

لەوانەش یەکێتی چینایەتی و نێودەوڵەتی و ڕێکخراوو هەوڵە سەنترالیزمییەکانی بەردوامی خەبات و چالاکیە ئینتەرناسیونالیستیەکان، بەرەو شۆڕشی کۆمۆنیستی جیهانی و کۆتایی هینان بە کۆیلایەتی و خاوەنداریێتی و چینایەتی. ئێمەش لەم ژمارەیەی گۆڤاری کۆمۆنیزم بە کوردی و لە ژمارەکانی تری هەمان گۆڤار بە زمانە جیهانیەکان ، هەروەها لە بڵاو کراوەکانی ترماندا و لەگەڵ هاوڕێ و گروپەکانی تری خەباتی ئینتەرناسیونالیستی دا ، هەوڵمان داوە کە چەند نموونەیەکی ئەم خەباتە دەوڵەمەندەی ئەمڕۆی پرۆلیتاریا لە جیهاندا بگەیەنیین. وەکو هەموو هاوڕێ تێکۆشەرەکانی تر ئێمەش ئەمڕۆ لەجموو جووڵەکانی ئەم خەباتەدا ئەژین و سەرگەرمی شەڕەکانی پرۆلیتارییایین و ئیش و ئاڵوگوڕ ئەکەین لەسەر برەوپێدانی دەست پێشخەریەکانی و ئاڕاستەکەی، بەرەو شکاندنی سنوورەکانی دەوڵەت و پێکهێنانی ڕێکخراوە ئینتەرناسیونالیستیەکان و سەنتڕالیزمی خەباتی جیهانی بۆ شۆڕشی کۆمۆنیزم. بۆ ئەم مەبەستە دەرگای بڵاو کراوە و پەیوەندی و چالاکیەکانمان کراوەیە بۆ برەودان بە خەباتی ئینیەریاسیونالیستی و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بۆچوون و پتەوکردنی یەکێتی خەبات لە نێوان تێکۆشەرەکاندا. خەباتەکەمان خەباتی هەموو کۆیلەو چەوساوەکانە، و بۆ لە ناوبردنی ئەم ژیانەیەو دژە بەهەموو سەرمایەداران و دەوڵەت و پارت و دامەزراوەکانیان لە هەموو جیهاندا ، ئامانجە کەشمان کۆتایی هێنانە بە کۆمەڵگای جیهانی پارە و هێنانی کۆمەڵگای کۆمۆنیزمی جیهانی یە. بڵاوکراوەکانیشمان، لە پاڵ چالاکیە ڕێکخراوەییەکانی ترماندا، تەعبیر کردن و گەیاندن و برەودانە بەم خەباتە بەرەو ئامانجەکەی. لە بزووتنەوەکە وە هاتووە و بۆ بزووتنەوەکە ئەگەڕێتەوە. بڵاوی بکەرەوە، تەرجومەی کە، برەوی پێبدە، کەم و کوڕییەکانی پڕکەرەوە ، ڕەخنە بگرەو پەیوەندمان پێوە بکە ... هەمووی گرنگە و سەر بە بزووتنەوەکەمانە.

**بەردەوام بێت خەباتی دژ بە کۆیلایەتی لە جیهاندا**
**بەرەو چالاکی و بەرهەم هێنانی ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان**
**بەرەو سەنترالیزمی خەباتی جیهانی دژ بەم قەسابخانە جیهانییەی کۆمەڵی پارە**
**بروخێت سەرمایەداری، بەهەموو پارەکان و پایەکانیەوە**
**بژی کۆمۆنیزم ، بە هەموو ژیان و مرۆڤایەتیەکەیەوە**



پاریس

# 'له بەغداوە بۆ بەیروت نە شیعە و نە سونە بەر دەوامین'

حکومەتی عێراق پێکهاتەی هەموو فراکسیۆنەکانی بۆرجوازیەتە لە عێراق دا و پەسەندکراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشە، پرۆلیتاریا **هەوڵی ڕوخاندنی ئەدات**!!

" گرین زۆن"(ناوچەی سەوز) لە بەغداد ، ناوەندێکی سەرمایەداری جیهانی یە، پرۆلیتاریا لە **هەوڵی داگیر کردنیەتی** و کوشتاری زۆریشی داوە بۆ ئەو مەبەستە..
بەندەری بەسرا، مەرکەزی هاتووچۆی نەوت و بازرگانی نێودەوڵەتین، پرۆلیتاریا **لەکاری خستوون**

هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی تایبەت و سەربازی لە عێراق، هێزی گشت لایەکن( بە شیعە و سونی و مەسیحی و..هتد)، هێزی نیودەوڵەتی سەرمایەن، بە سەدەها دەوڵەت هاوبەشن تیایدا ( بە ئەمەریکا و ئەوروپاو تورکیاو ئێرانیشەوە)، پرۆلیتاریا **هەڵی کوتاوەتە سەر ئەم هێزانە** لە شەقامەکاندا، و بەدەستی ئەم هێزانەش قەتڵ و عام ئەکرێت..
پرۆلیتاریا، لەپاڵ سوتاندنی بارەگای حیزبە سیاسیەکان بەبێ جیاوازی، وە سوتاندنی ماڵی بەرپرس و ئەندام پاڕلەمانی هەموو لایەنەکان بەبێ جیاوازی، پەلاماری دەزگاکانی ئاسایش، پولیس، ڕاگەیاندن، دادوەری، ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆنی داوە لە هەموو شارە ڕاپەڕیوەکاندا، ئەمە **هێرشە بۆسەر دەوڵەت...**

**بەپێی دان پیانانی عادل عەبدول مەهدی ئەم بزووتنەوەیە ئابووری وولاتەکەی( سەرمایەداری) تێکشکاندووە...**

ئەوەی **بۆنی دەسەڵاتی لێ هاتبێت ئەو بەدوژمنی خۆی زانیوە** و هەڵی کوتاوەتە سەری، جا ئەمە بە بارەگای دیبلوماسی و سەربازی و بازرگانی و سیخووڕیەکانی ناو خۆیی و دەرەکی بێت. یان پەلاماری بنکەی سەرکوتکەری پاسداراران بوو بێت لە شاری کەربەلا، کە ناکرێت ئەم کارە "دژە ئێران" بێت. ئایا پرۆلیتاریا بە هێزی یەك بووی و بە و دروشمی ڕادیکالانەی کە ئەیووت : "بڕوخێ دەوڵەت"، "هەموویان، هەموویان دزن"، " لە بەغدا وە بۆ بەیروت، نە شیعە و نە سوونی، بەردەوامین.." ... هەموو دوژمنەکانی نە خستە یەک بەرەوە؟! ئەی پرۆلیتاریا لە "بەسرە" لە سەرەتای مانگی سیپتەمبەری 2018 دا ، هەمان شتی بەزیادەوە نەکرد؟!
بۆرجوازیەت، لە ڕابردوو لە ئێستادا، لە هەموو کات و جێگایەك، بۆ سڕینەوەی ململانێ و شەڕی چینایەتی ، بۆ شێواندنی خەباتی پرۆلیتاریا و شاردنەوەی ڕاستیەکان، درێخی نەکردووە لە ناونان و " تاوانبارکردن"ی خەباتگێڕانی چینەکەمان و خۆپیشان دان و ڕاپەڕینەکانی بە " دەستی دەرەکی" و "مندسین" و ..هتد ئەمەش بۆ دەربازکردنی خۆی لە و کوشت و کوشتارەی کە درێخی نەکردووە لێی! و بۆ گۆڕینی بارە شۆڕشگێڕیەکە بۆجەنگی نێوان باڵەکانی بۆرجوازی....
پرۆلیتاریا لەسەر **ئاستی کۆمەڵایەتی ڕاپەرییوە** دژ بە چەوسینەران ودەیەوێت دەسەڵاتەکەیان ڕامالیت. ئەو دەزانێت سەرمایەدارانی دەرەوە و ناوەوە، شیعە و سوونە، کورد و مەسیحی و جوولەکە...، دەوڵەمەنەکان لە هەموو لایەکەوە، چەوسێنەران لە هەموو وولاتەکاند، هاوبەشن لە دەوڵەتدا و بەهەموویان دەستیان لە بینەقاقای ئەوناوە، بۆیە **خەباتەکەی بە ئاشکرا دژ بە هەموویانە.**



پڕۆلیتاریاکان / بەسرە / سیپتەمبەری 2018

پڕۆلیتاریا نە دەم سپی قبووڵە و ، نە داواکاری هەیە، نە نوێنەری هەیە، نە گفتوو گۆ دەزانێت ، نە پابەندی هیچ پڕۆگرامێکی دەوڵەتی یە. ئەگەر ئەمە **یاخی بوون و دوژمانەتیەکی قووڵی چینایەتی** نەبێت دەبێت چی بێت ؟!

پڕۆلیتاریا تاکە ڕابەرایەتیەك و پڕۆگرامێک و داواکاریەک کە هەیبێت **ئاراستەی خەباتەکەیەتی دژ بە سەرمایە و دەوڵەت**. ئەم دوژمنایەتی یە قوولەشی بۆتە سەربەخۆی خەباتەکەی دژ بە پێکهاتەکانی سەرمایەو دەوڵەت. " دژ بە هەمووتانین و هەموو شتێکیشمان ئەوێت".ئا لێرەشەوەیە کە دامرکاندنەوەو سەرکوتکردنی سەرکەوتوانەشی بۆ دەوڵەت ئاسان نی یە...

پڕۆلیتاریا لە چاوەڕوانی دا نی یە. پەنگیشی نەخواردۆتەوە. لە پەلاماردان بەردەوامە ومەیدانەکانی خەباتەکەشی بەرفراوان دەکات .بۆنموونە لەشاری بەغداد مەفرەزەکانی بەزۆربەی شەقامەندا بڵآ وکردۆتەوە و هاتوو چۆی بڕیوە و، مەیدانەکانی داگیر کردووە و، چالاکی کۆمەکی لەگەڵ هاو خەباتەکانی برەو پێ دەدات، پلان بۆ ڕۆژی دوایی دادەنێت، بڵاوکراوە دەردەکەن، بریندارەکان تیمار دەکەن ...هتد ئەمە **خۆڕێکخستن و ڕێکخستنی تواناکانیەتی** لە بەردەوامی خەباتدا..
هەر وەکو چۆن لە ڕابوردوودا پڕۆلیتاریا ووزەی خەبات و بەردەوامی لەیەکترەوە وەرگرتووە. بەمەش هەم بەردەوامی بەخەبات داوە و هاوخەباتی و هاو بەرژەوەندی چینایەتی و ئینتەرناسیونالیستی خۆی پەیڕەوکردوە، وە هەم سنوورە نیشتمانی و دیمۆکراسیەکانی دەوڵەتی شکاندووە. سەرمایە و جیهانی سەرمایەی کردۆتە نیشانە.
ئەمڕۆش **هەمان خەبات لە ئارادایە..** پڕۆلیتاریا: لەهاییتی وە بۆ فەڕەنسا، بۆ میسر، بۆ لوبنان، بۆ عێراق ، بۆ ئەمەریکای لاتین**...** خەریکی هەمان خەباتە. دژی هەمان دوژمنە. هەمان بەرژەوەندی و خۆزگەی هەیە: ژیانێکی کۆمەکی پێکەوەیی ، بەبێ چەوساندنەوە و زۆرداری و جەنگ و داڕوتاندن و قۆرخ کاری

ئەم خەباتەی پرۆلیتاریا  خەباتێکی" ئەنارکیستانە" نی یە، خەباتێکی "سۆشیالیستانە" نی یە ، خەبات نی یە بۆ دیمۆکراسی کردنی دەسەڵات، یان حکومەتی هاووڵاتی .. بەڵکو **خەباتێکی شۆڕشگێری و چینایەتی و ئینتەرناسونالیستیانەیە دژ بە دیکتاتۆریەتی سەرمایە بۆ ژیان**. خەباتی ئازادکردنی ژیانە لە پەیوەندیەکانی چەوساندنەوە و جەنگ و سەرکوتکردن..

ئەگەر ئەمڕۆ گەنجان زۆربەی دەسپێشخەریان هەبێت لەم خەباتەدا شتێکی سرووشتیە. ئەوانن کە ڕۆژانە لە تیاچوون بەدەستی  سەرمایە ڕائەکەن و خەو بە ژیانەوە  ئەبینن. ئەوانن  کەهیچ جێگیر بوونێك لە ژیانیاندا شك نابەن، ئەوەی ئەمڕۆ پەیدای دەکەن نایان گەیەنێتە بەیانی . ئەوانن کە لە زۆربەی کاتدا ئەبێت نەك هەر ژیانی خۆیان دابین بکەن، بەڵکو خەم خۆری  دایك و باوکیشیان بن  و  ئەوانەشی کە لە خۆیانن بجووکترن . چاووچنۆکی و کارەساتە یەك لەدوا یەکەکانی سەرمایە خستوویەتیە هەلەکە سەمای بێ کۆتاییی.  ئەوەی ئەمڕۆ وا هەست ئەکات خەریکە لێی نزیك ئە بێتەوە، بەیانی لە دەستی دەرچووە... ئەمە هەتاکو دێت بە شێوەیەکی جیهانی خراپتریش ئەبێت!! سەرمایە ئەیەوێت نەخشەی داهاتووی لەسەر ئەم مەمرەو  بژیەی ئەو  بکێشێت. ئەم دۆخەیە کە هێناویەتی یە خەبات.  خەباتەکەشی دژ بەهەموو ئەمانەیە. ئەم پڕۆلیتاریانە، ئەوانەن کە نەخەسیوون، کە نەکەوتوون، کە لە سەرمایە و کارەساتەکانی تێ ئەگەن. کە شەق لە دەستە دەست و فڕوفێڵی  دەوڵەت هەڵئەدەن. کە **بەم جۆرە ژیانە ڕازی نیین**.  کە هەڵگەڕاونەوە لە ئیش ، لە هەڵبژاردن و دیمۆکراسیەت و کوشتارکاری یەکتری و مونافەسە دینی و سیاسیەکان. ئەوانن کە **خۆیان یەکخستووە و  لەسەر ئەرزی  واقع هەنگاو بەرەو  شۆڕش دەنێن.**

**ئەم خەباتەی پڕۆلیتاریا خەباتی چەوساوەکانە  دژ بە دیکتاتۆریەتی سەرمایەی جیهانی**
**خەباتی داڕووتاوەکانە دژ بە نامرۆڤایەتی سەرمایە**
**خەباتە بۆ ژیانی مرۆیی  و  دژە  بەو پەیوەندیە ئابووری و سیاسی و سەرکوتکەریەی کە ئەوژیانەی کوشتووە**

**هەر لێرەشەوە یە کە پڕۆلیتاریای لە خەباتدا، لە فەڕەنساو لوبنان و عێراقە وە، بانگێشەی هاوخەباتەکانی دەکات لە کوردستان و ئێران و تورکیا  و دەوروبەری، کە هەڵسن دژ بە  چەوسێنەرەکانیان ! هەڵسن بە  هاوپشتی و هاوخەباتی  دژ بە دوژمنەکانیان**
**بڕوخێت سەرمایە، بڕوخێت چەوساندنەوە**
**بەردەوام بێت خەباتی دژ بە چەوساندنەوە ،  لە فەڕەنساوە تاکو لوبنان، بۆ شیلی ، بۆ عێراق و هۆنگ کۆنگ، بەرەو ناوچەکانی تر ...**

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هاتنە ناوەوەو بەشداری کردنی خەباتکارانەی پڕۆلیتاریا لە تورکیا و ئیسرائیل و ئێرانەوە...ئەبێتە تێکدەری هەوڵەکانی سەرمایەداری بۆ جەنگ لەناوچەکەدا و گوژمێکی  بەهێزیش  ئەبێت بۆ جەنگە چینایەتیە جیهانیەکەمان ..
بڕوخێت چەوساندنەوە، بڕوخێت زەلیللی، بڕوخێت زۆرداری و جەنگ، بڕوخێ سەرمایەداری
بەردەوام بێت خەباتی چینایەتی لەسەر ئاستیجیهانی

**هاوڕێیانی خەباتی ئەنتەرناسیونالیستی**
**Internationalist Proletarians**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست  نۆڤەمبەری 2019**
**بۆ پەیوەندی کردن :** **internationalist@riseup.net**



**بەغداد: 04/10/2019     نە ئاڵا و نە نیشتمان ..  مرۆڤایەتی و جیهان**



**بیروت : جگە لە تەلبەن و  فیشەك و زۆرداری و کوشتار ، دەوڵەت هیچی ئەو تۆی تری بەدەستەوە نەماوە. لە پشتی ئەمانەشەوە دەوڵەمەند و خاوەندارەکان لە دڵە ڕاوکێی جیهانی و هەمیشەیدان. پرۆلیتاریا یاخی بووە و  دەسەڵاتی شڵەقاوون و سەرگەرمی  لەقکردنی  پایەکانی یەتی  و زۆریشی نەماوە دەستی بگاتە بینەقاقایان..**

# 'من بغداد الى بيروت لا شيعيه ولاسنيه مستمرين'

ان الحكومة العراقية هي متكونة من كل الاقسام البرجوازية فى العراق ، و تلقى بمقبولية الدولية و اقليمية ايضا، ولكن **البروليتاريا قام بمحاولة لآسقطها...**
ان (المنطقة الخضراء) في بغداد هي مركز الراسمالية العالمية، **لقد حاول البروليتاريا باحتلالها** وقدم ت من اجل هذا آرواحا بالغة ..
ان ميناء البصرة هى الممر عالمى لتصدير النفط والتجارة الدولية، **لقد قام البروليتاريا بتعطيلها ، و محاولة لسيطرة عليها**.
آن قوات الشرطة والقوات الأمن والقوات الخاصة و العسكرية فى العراق، هي **القوة الراسمالية العالمية**،( تشترك فيها كل من الشيعة والسنة والمسيحية، و الاكراد ، والتركمان ...و كذالك اعداد كبيرة من القوات الاقليمية والدولية ، بما فيها القوات الامريكية،والاوروبية، وتركيا، وايران...)، **لقد هاجمت البروليتاريا عليها، على المراكزها و المفاريز ها ...**
و لقد قتلت هذه القوات آعدادا كثيرة من البروليتاريين (قد يصل الى اكثر من(٦٥٠) قتيل والى اكثر من (٢٠) آلف جريح ، حتى الآن، و هذا ناهيك عن آعداد المختطفين والمسجونين.... )..

لقد قام البروليتاريا فى **المناطق الثائرة فى العراق**، باحراق المراكز الأحزاب السياسية (الدينية والقومية) دون تمييز بينها، و قام بهجوم على المباني الامنية ومراكز الشرطة ،و وسائل الاعلام،و هيئة القضاء و وزارة العدل،... وايضا مداهمة البيوت المسؤلين واعضاء فى البرلمان وحرقها بلكامل... بذالك **قام بروليتاريا بهجوم على الدولة برمته** ولقد جاء على لسان( عادل عبدل المهدى نفسه)، بان **هذه الحركة قد دمرت الاقتصاد الوطنية** ( الراسمالية) من جميع نواحيها..
لقد هاجمت بروليتاريا ،فى الميسرة نضالها **بدون أستثنا**، على اى شىء ، او رموز، او اشخاص، او الملامح ، او مراكز ... ملتسقا بلسلطة والتاريخيه القمية . وكذالك الهجوم الكبير على القنصلية الارانية وحرق الرايتها، مثلما الهجوم على المنطقة الخضراء...، هى **ممارسة الطبقية ضد القوات و المراكز القمعية بجميع اشكالها**. هل كانت بروليتاريا ، **بممارسة توحيدية لنشاطاتها و برفعها لشعاراتها الطبقية** ، حين تعالت اصوات : "لتسقط الكل حرامية" ، "من بغداد الى بيروت، لا شيعيه ولاسنيه، مستمرون"، وكذالك قالو : " لاوطن ،لا دوام... كلنا فى الشوارع" ، " لا وطن، لا دوام ، حتى اسقاط النظام" ، لم **تحدد الجبهة المعادية والثورة المضادة بكليتها**؟ ...كما قام بروليتاريا **قبلا بنفس الصراع فى منطقة البصرة** فى بداية سيبتمبر 2018 ؟

ان البرجوازية و فى كل الازمنته حاولت وتحاول تشويه و التحريف المسار الطبقى لحركتنا الثورية. لقد لجأة الى اساليب المتنوعة لسلب المحتوى الثورى لنضالاتنا وتحيك موامرات حولها بمسميات شئ : كل لمندسين ،و " عميل الخارجي" و.... وكل ذلك لمحاولة تبرير حملاتها ا لقمعية الدموية و **تحطيم الحركتنا الثورية فى النزاعات البورجوازية**.. لقد انتفضت بروليتاريا على **المستوى الاجتماعية ضد المستغلين** وتنوي بانهاء سلطتهم بكاملها.
و نعرف البروليتاريا جدا، بان الراسماليون الخارجيون والداخليون( بسنته ، وشيعته ،وكرده والمسيحين واليهود...)، و الاثرياء من كافة الانحاء ، و المستغلون فى كل مكان.. **هم مشاركون الفعليون فى الدولة**، وهم جميعا موحدون فى استغال لانسانيتها ، ولذالك **فنضالها بدون شك هى نضال موحد ضد الجميعهم...**



بغداد .. وەکو مێلووره کۆڵنادەن

ان البروليتاريا المناضلة، لا تسمح بلمرجعية ، و ليس لديها مطالب، و لا ممثلون، و لا المفاوضات . و ليس متمسك باى البرنامج السياسى.... **اليس كانت ذالك التمرد و النضال الطبقى العميق ضد النظام الراسمالية فى كليتها ؟**
اذا كانت لدى البروليتاريا اى برامج آو اتجاه القيادى آو طلب وحيد، فهي الحاحها على **استمراريتها و توجيه محاولاتها النضالية الموحدة** ضد الدكتاتورية الراسمال و دولة . " نحن ضد الجميعهم، و نأخذ كل شيآ". ذاك هى استقلالية الطبقية و قوة نضالية لحركتنا.. و لذالك ليس الاخماد، ولا قمع الجزرى لهذه الحركة هى امرو بسيط او شيأ الأني للدولة.

ان بروليتايا ليس فى حالة الانتضار، ولا فى حالة الخمود... و منذ اندلاع محاولاتها ولحد الآن، و برغم استخدام واسع للقمع وا لقتل من قبل الدولة ضدها، فهذه الحركة مستمرة، وتتوسع نطاق نضالاتها و تكتيكاتها يوما بعد يوم . مثلا، فى مدينة بغداد، قد انتشرت مفارزها داخل الزقاق والمحلات، وقطعت حركة المرور واستولت على الميادين والجسور القريبة من المناطق الحساسة والامنية . وقام بشاطاتها الجماعية التنسيقية لأمداد و اتساع صراعيها، و يخططون ليوم التالى للنضال وهجوم مستمر ، وينشرون المنشورات حول نضالاتهم ، و يقومون بعلاج رفاقيهم مجرحون... كل ذالك **هى تنسيق و تنظيم و توسيع امكانياتها النضالية...**
و كذلك كما فى الماضي، فان البروليتاريا اخذت طاقات نضالها بعضها عن بعض، وهكذا قد استمر سيرورة نضالها و ممارسة المصالحها الطبقية و اممية نضالها. و بكسره للحدود الجغرافية، و الايديولوجية، والاقتصادية، والدمقراطية، والدولة الوطنية....تستهدف هذه الحركة الراسمال والراسمالية العالمية، و**اليوم نفس النضال موجودة على الواقع**. ..
ان البروليتاريا اليوم ،( من الهايتى الى فرنسا، من فرنسا الى هونكونغ ، من مصر الى امريكا الاتينية، من لبنان حتى العراق و الايران ) قام بنفس النضال ، نحارب نفس العدو، لديها نفس المصالح و الآمل: وهى اسقاط الراسمالية و

تحقيق **الحياة الانسانية الجماعية** (بدون استغلال والارباح والرأسمال والعمل الماجور و التلوث و الظلم والجور والحروب والدمار.....)

تلك النضال البروليتاري ليس النضال" الفوضوى" ،ولا نضالآ " اشتراكيآ"، وليس هو النضال من اجل الديمقراطية السلطة، او دولة المواطن، بل **هو نضالآ ثوريآ وطبقيآ واممياً ضد الدكتاتورية الراسمالية للحياة( للكرة الارضية).. آنها نضالآ لتحرير الحياة من كل آشكال العبودية الانسان....**

آذا كان اليوم الشباب قد خرجوا الى ساحات النضال ولهم مبادرات و مشاركات مكثفة ، فهذا شىء طبيعي! لآنهم هم الذين، مع هروبهم اليومى من الحكم القتالى للرآسمال، يحلمون بالحياة. وهم الذين لايحسون بآي آستقرار في الحياة... الشىء الذي يكسبونهم في قوتهم اليومي لا يصل بهم الى الغد. و ان الشىء الذي تحسون كانما قريبا منهم اليوم، قد بات بعيدا جدا غدا.. **ان جشع الراسمالية ، و حروبها، و كوارثها المتتالية جعلت منهم في ضيقة لامتناهية.** تلك **الجشع الراسمالية و الوضع الكارثية للحياة** ستاتي اكثر فاكثر متشددة على المستوى العالمى ... الراسمالية نريد آن تتبنى خطواطها التالية على تلك وضع الكارثى للحياة ... ذالك الجهنم الراسمالية دفع البروليتاريون للصراع، و **صراعهم هى الصراع الحياة ضد تلك الجهنم الراسمالية** .
فالبروليتاريون فى النضال ، هم الذين قد **آدركت الراسمالية و كوارثها**، و لهم حس بالحياة، و مسرون على نضالهم من اجل الحياة...

فالنضال البروليتاريا هى **النضال المستغللين ضد الراسمال العالمية**
هى **نضال من اجل الحياة ، ضد العلاقات الاستغلالية و الموتية للراسمال العالمى**
فان بروليتاريا مستمر فى نضال : من فرنسا الى لبنان، و من عراق الى شيلى ،،من هونك كونگ الى ايران .. تدعو البروليتاريا في كافة المناطق الاخرى المجاورة و قريبة و **ممكنة**... الى التضامن والالتحام والتحاق الطبقى بهذه المسيرة النضالية ضد الراسمالية..

**من منطقتنا** ، فلمشاركة النضالية من قبل البروليتاريا فى تركيا، اسرائيل ، ايران .. **تقطع الاحتمالات امام الحرب الراسمالية و تدفع الحربنا الطبقية العالمية الى مدى بعيد..**

**لتسقط الاظطهاد ، لتسقط الحرب، لتسقط الراسمالية**
**و ليستمر النضال الطبقي في كل أنحاء العالم**

**من الرفاق النضال الاممي** **Internationalist Proletarians**
**الشرق الاوسط**
**نوڤمبر 2019**
**للاتصال الطبقى و النضالى :** **internationalist@riseup.net**



ئەمڕۆ ڕۆژی ئێمەیە و دەی وەرن با سەمابکەیین!   ئەو جەهەنەمەی کە ناوی ژیانتان لێ ناوەو  ئێمەی تیا ئەسوتێنن،  ئەیکەنەوە بە گڕ خۆتان دا و لە دەوری سەما ئەکەیین .



بەغداد  23/11/2019    شەڕەکان دەستەو یەخەن و   گازە گوشندەکان ئەگرنەوە هێزەکانی دوژمن

# دژ به دیکتاتۆریەتی ئابووری
# بژی یاخی بوونی ئینتەرناسیونالیستی  پڕۆلیتاریا!



میسر 2011 دەزگای موخابەرات

ئایا چ جیاوازەیەك هەیە لە نێوان ئەم یاخی بوونانەی ئێستا کە لە باکوری ئەفەریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیە و و ئەوانەی کە لە پێشوو تردا لە ئەمەریکای لاتینی، یۆنان و ناوچەکانی فەڕەنسادا بەرپابوو؟ ئەبێت چ جیاوازیەك هەبێت لە نێوان خەباتەکانی پڕۆلیتاریا لە جەزائیر، تونس، میسر، لیبیا، بەحرێین، سوریا، یەمەن ... و ئەوانەی بۆلیڤیا، چین...؟ نە هیچ هۆیەکی جیاوازیان هەیە،و نە دوژمنەکەشیان جیاوازە، و نە هیچ ئاسۆیەکی جیاوازیش شك ئەبەن. کە تائێستا  لە یەك کاتدا پێکەوە نە تەقیونەتەوە، ئەوە لە لایەك لە بەر ئەو ەیە کە سەرمایەی جیهانی لە توانایدایە کە بە پارچە پارچەیی لە پڕۆلیتاریا بدات، و پلانە داڕووتاننەکانی،بە گوێرەی ڕێنماییەکانی دەزگاکانی دژە شۆڕشگڕی،  بە نیمچە نیمچەیی بسەپێنێت،  وە لە لایەکی ترەوە  لەبەر ئەوەی کە پڕۆلیتاریا بێتوانایە لەوەی کە خەباتەکانی یەك بخات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە ،کە وەسیلەیەکی گرنگی پڕوپاگەندەکردنن،  درێخیان نەکرد لەوەی کە ئەوەی  لە توانایاندایە هەیە بیکەن   بۆ ئەوەی هیزە ڕاستەقینەییەکەی یاخی بوونی پڕۆلیتاریا بشارنەوە. بەلای بۆرجوازیەتەوە

ئاسۆی ئەو خەباتە. کە لەق کردنی فەرمان ڕەواییە زا لەکەی ئەوە، نە شتێکی کەمە و نە خەیاڵیش: ئەبێت چی لە توانایدا هەیە بەکاری بێنێت بۆ ئەوەی بەر بەوە بگرێت کە ئەم خەباتە ببێتە نموونەیەك بۆ پڕۆلیتاریاکانی تر لە جیهاندا. هەرچییەك کە لە سەر گۆڕەپانەکانی ئەو خەباتە ڕوو ئەدات ئەبێت لە جیاوازی دروستکردنەوە شی بکێتەوە، وا شیبکرێتەوە کە "ئەوان جیاوازن لە ئێمە"، هەموو شتێکمان لە یەکتری جیاوازە، تەنیا ئەفسانە دیمۆکراسیەکان نەبێت کە هەموومان بە بەهەشت ئەگەیەنێت!

ئەو خەباتە کۆمەڵایەتیەی کە لە ئارادایە، و هەموو جارێکیش پانتاییەکی زیاتر لە گۆی زەوی دەگرێتەوە، خەبات نی یە بۆ دیمۆکراسیەتی زیاتر، بۆ ئەوەش نی یە کە فەرمانڕەوایی ئەم یان ئەو تایەفەی دینی بسەپێنێ ، وە خەباتیش نی یە بە تەنها دژ بەم یان بەو دیکتاتۆر. بەڵکو خەباتێکە کە لە یاخی بوونێکی قوڵی کۆمەڵایەتیەوە هەڵ ئەقوڵێت دژ بە سەرمایەداری جیهانی، کە بەدەم ناڵە ناڵەکانیەوە تا بێت بەشێکی زیاتر لە بوونە مرۆییەکان ئەکاتە قوربانی کارەساتەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەی .
بەرزنوونەوەی نرخەکانی دەغڵ و دان ، سەوزەوات، گۆشت.. هتد بۆ جارێکی تر بڵاو بووەوە لە کۆتاییی 2010 و سەرەتای 2011 دا. یاخی بوونەکان لە تونس، جەزائیر، میسر، فەکەستین، عێراق، لیبیا ، سوریا... بەر لە هەرشتێکی تر یاخی بوونی هەمان چینی کۆمەڵایەتیە و لە بەر هەمان هۆش ڕووی داوە. توانای مانەوە لە ژیان دا تا دێت ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر قورستر ئەبێت ، خەباتی دژ بە چەوساندنەوەی سەرمایەداریش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبێتە پێویست. ئەم شوناسنامەیەی بوون بە پێویست و ئاسۆی خەباتەکانە کە هەمیشە ئەیانەوێت زیاتر و زیاتر بیشارنەوە لە پشت ئایدیۆلۆجیای " پەرەسەندنی دیمۆکراسی" و ئایدیۆلۆجیە ئاینیەکانەوە..
ئەوە ڕاستە کە یاخی بوونەکان بە پەلاماردان بۆ سەر فەرمان ڕەواییە سیاسیە زاڵە ڕەسمیەکان لەم یان لەو وولاتەدا ، بەڕووی ئەم یان ئەو دیکتاتۆردا ، کە لە هەر لەناکاو ئەکرێتە جنۆکە لە لایەن سەرکردەکانی دەوڵەتەکانی- گاردی نێودەوڵەتیەوە، دەست پێدەکات. هیچ شتێکیش لەوە مەنتیقی تر نی یە کە بەرپابوونی ڕاپەڕینەکانی پڕۆلیتاریا سەرەتا دژ بە مل هوڕەکانی "دەوڵەتەکەی خۆیان" دەست پێ ئەکات. هەروەکو چۆن هیچیش لەوە ئاسایی تر نی یە، کاتێك کە تیرۆریزمی دەوڵەت لە ناوچەیەکی جیهان دا ئەکەوێتە تەنگەبەریە و بە تەنها پێی ناکرێت، بۆرجوازیەت وەك چینێکی جیهانی پاڵپشتی فریاگوزاری بۆ ئامادەئەکات. وە هەروەها هیچیش لەوە زۆر ئاسایی تر نی یە کە باڵە ناڕەزا کانی بۆرجوازی ، کە بە ئاواتەوەن بە زووترین کات کۆتایی بە شۆڕش بێنن، هەڵ ئەسن بە دەهۆڵ لێدانی ووتەکانی وەکو " شۆڕشی دیمۆکراسی" و ، وا ش نیشانی ئەدەن کە مەبەستی شۆڕشە کە تەنیا نەهێشتنی سیما مل هوڕیەکان و گۆڕینی سەرکردەکانە.
جگە لە لەناوبردنی ئەم سەرکردە یان ئەو سەرکردە تف لێکراوەی دەوڵەت ، ئەوەی کە ڕاپەڕینە جیا جیاکان ئەکاتە یەك خەباتی جیهانی، ئەوە ململانێ بنەڕەتیەکەیەتی بۆ مانەوە( for survival)، خەباتە بۆ ژیان دژ بە جیهانە کوشندەکەی سەرمایەداری، دژ بە دیکتاتۆریەتی بازاڕ و قازانج. ئەوەی گرنگە ببینرێت لەم خەباتانەدا ئەم ئاڵاو ئەو دروشمە نی یە کە هەریەکەیان بەرزی کردۆتەوە(1)، بەڵکو ئەو نەفی کردنە( the negation ) یە کە هەر یەك لەم خەباتانە لەلای خۆیەوە هێناویەتی، کە ئەمەش لە هەمان کاتدا نەفی کردنی جیهانی سەرمایەداریە، و لێرەشەوە ئەو بوارەی کردۆتەوە کە پڕۆلیتاریا لە ناوچەکانی تر دا خۆیان لەم خەباتانەدا ببینەوە. ئێمە لە کاتێکدا کە پێشوازی لە پەلامارەکانی پڕۆلیتاریاکان ئەکەین، دژ بە کۆشك و ڕەمز و سیما دیکتاتۆریەکان لە هەموو ناوچەکاندا، دژ بە یەکە بە یەکەی زۆردارەکان، هەموو سەرکوت کەرەکان. لە هەمان کاتدا دووپاتی گێتی یەتەکە ی (universality ) خەبات ئەکەینەوە لەم پەلامارانەدا، ئەو گێتی یەتیەی کە هەڵ ئەقوڵێت لە بارودۆخی گشتی نێوان سەرمایاداری و مرۆڤایەتی دا، نێوان سەرمایە و زەوی دا، نێوان مانەوەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتی یە و پێویستی ڕەگەزی مرۆڤ بە تێکشکاندی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە جیهانی یە بۆ هەتا هەتایی.

گومان لەوەدا نی یە  کە خەباتەکەمان خەباتی دژ بە دیکتاتۆریەتە، بەڵام بە تایبەتی دژ ایەتی کردنی ئەم یان ئەو دیکتاتۆری سیاسی نی یە، بەڵکو بەرفراوان ترە لەوە و دژایەتی کردنی دیکتاتۆریەتی گشتی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداریە.

بژی خەباتی دژ  بەهەموو دیکتاتۆرەکان!

بژی خەباتی دژ بە دیکتاتۆریەتی کۆمەڵایەتی و جیهانی سەرمایەداری!

خەباتی پڕۆلیتاریا لە مەراکیش و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەباتی هەموومانە!

دژ بە جەنگی ئیمپریالیستی: جەنگی کۆمەڵایەتی !

دوژمنەکەمان: سەرمایەداری و دیکتاتۆریەتی بازاڕی جیهانی یە.

پێشنیارەکەمان لەهەموو شوێنێك هەر  یەکە:، شۆڕشی کۆمەڵایەتی! تێکشکاندنی سەرمایەداری و دەوڵەت

گروپی کۆمۆنیستی ئەنتەرناسیونالیست

مارچی 2011

-----

1) ئەوە ئاشکرایە کە تەزویر کردنە ئایدیۆلۆجیەکەی " شۆڕشی دیمۆکراسی" بە تەنها مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆجی نی یە. وە ئەو ئاڵایانەش کە بەبەردەوام  بەرز ئەکرێتەوە و  هانی گەشانەوەی ئەدرێت لە لایەن ئەوانەوە کە ئیشیان  دیعایە کردنە ، لە هەمان کاتدا ئاستی بزووتنەوەکەی پڕۆلیتاریا خۆشیەتی. جگە لەمەش ، هەموو کەسەکانی ئاسایش، ڕەگەزەکانی سوپا، بەکرێگیراوەکان و ئەوانەی کە ئیشیان تێکدانی بنەماکانن ، بەتایبەتی خەریکی ئەوەن کە چۆن ئەم ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتی یە قوڵانە بگۆڕن بۆ خەباتێکی سیاسی ئاسایی نێوان لایەنە بۆرجوازیەکان، نێوان هێزە ئیمپریالیستی یەکان.  ئەمە دژ بە پڕۆلیتاریای جیهانی ، وە بە تایبەتیش لەکاتێکدا  کە ئەم خەباتانەی ئێستا بە ڕوونی پێ لەسەر  ئامانجە  شۆڕشگێڕیە ئینتەرناسیونالیستیەکەی دادەگرێت  لە تێکشکاندنی جیهانی سەرمایەداری ، لە کاتێکدا کە بەتەنها ڕیفۆرم بەس نی یە بۆ لەناوبردنی  هێزە کۆمەڵایەتیەکەی چینی پڕۆلیتاریا، لەم کاتەدا ئیتر تێکشکاندنی ئەم هێزەی پڕۆلیتاریا لە ڕێگەی تێهەڵ کێش کردنی لە جەمسەرگەری نێوان لایەنە بۆرجوازیەکان و هێزە ئیمپریالیستیەکاندا ،ئەبێتە تاکە ئامانجی بۆرجوازیەتی نێونەتەوەیی .

لە پاریسەوە بۆ هۆنگ کۆنگ، لەمیسرەوە بۆ لوبنان، لە شیلی یەوە بۆ بەغداد، لە کەربەلاوە بۆ ئەسفەهان ... بژی بزووتنەوەی ئەنتەرناسیونالیستی چینی پڕۆلیتاریا، بەهەموو مەیدان و ئاستەکانیەوە. وە بەردوام بێت خەباتەکان و هێزی ڕێکخستنەکانی ئەم بزووتنەوەیە ، بەرەو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ڕوخاندنی دوا کۆمەڵگای چەوساندنەوەی چینایەتی... بەرەو کۆمونیزمی جیهانی



پڕۆلیتاریا لە ئیران

11/2019

## میسر سێپتەمبەری 2019

بۆ جارێکی تر پرۆلیتاریا لە میسر, لە شارەکانی قاهیرە، سویس، گیزە... , لە شەڕی سەر شاقامەکاندایە دژ بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردن ..

بەڵام ئەمجارەیان پرۆلیتاریا خۆ پیشاندان ناکات، بەڵکو پەلامار ئەدات. ئەوانەی کە پەلاماریش ئەدەن " گەنجانی نەوەی نوێی چینی کرێکارن و تەجاوەزی هەموو ئیحتمالاتەکانیان کردووە" ( Al Jazeera 22-23/2019). ئەم خەباتگێرانە لە کاتێکی زۆر دژواردا ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و شەڕ ئەکەن دژ بە هێزە سەرکوت کەرەکان. ئەمانە هاتوونەتە سەر شەقامەکان لە دوای ئەو تێکشکاندنە قورسەی کە بزووتنەوەکەیان بەخۆیانەوە بینی، بە هەردوو ڕێگای "دیمۆکراسی و هەڵبژاردن" لە لایەك و "دیکتاتۆری و کودەتای سەربازی" لە لەیەکی ترەوە. وە دوای ئەو چەند ساڵە لە سەرکوتکردن و گرتن و کوشتن و زۆرەملێی کە بەدوایدا هات. ئەو ساڵانەی کە بۆرجوازیەتی نیو دەوڵەتی شانازی پێوە ئەکات و چەپلە بۆ سەرکردایەتی سوپای میسر و El Sisi لێئەدەن، بۆ ئەو کردەوانەی کە پێی هەڵساون و بۆ ئەو ئاوو هەوایەی کە بۆ سەرمایە ڕەخساندوویانە. هەستانی پێشووی پرۆلیتاریا لە میسردا کەوت بەهۆی مانەوەی لە جوارچێوەی : " رێکخراوە کۆنەکانی کاردا"، " ڕۆشنبیران"، "ڕێکخراوە پرۆفیشنەڵەکان"، " خۆ پیشاندان و چاوەڕوانی و خەیاڵی پاڵەپەستۆی جەماوەری و دیمۆکراسیانە لەسەر دەسەڵات" لەلایەك، وە دەست نەبردن بۆ ئابووری و بۆ سوپا لە لایەکی ترەوە.



ڕۆژی هەینی و لە دوای تەواو بوونی ( نوێژی جمعەوە نا، بەڵکو ) یاریەکی تۆپی پێی زۆر گەرم و گوڕ لە نێوان دوو تیپە بە ناوبانگە ناو خۆییەکەی ئەهلی و زەمالیك دا ، خۆپیشاندان لە مەیدانی قاهیرەدا بەرپابوو. ئەم خۆپیشاندانە یەکسەر بە شارەکانی ئەسکەندەریە، ئەل مەهالە، دەمیتا، مەنصورە و سویس.. دا بڵاو بووەوە. بۆ دووەم شەو خۆپیشاندەرەکان( شەوی یەك شەممە) لە ناو جەرگەی شاری سویس کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشدا کە بە پڕ چەکی ناوچەکەیان گرتبوو. لە هەمان کاتدا و لە قاهیرە هەمان بەر بەرەکانی ڕووی دا. " خۆپیشاندانی ئاوا لە دوای 2013 وە دیاردەیەکی دەگمەنە لە میسردا، چوونکە خۆپێشاندان بە پێی ئەو یاسایە سەربازییەی کە لە 2013 دا دەرکرا قەدەغەیە" ( ڕۆژنامەی گاردیان شەمە/21 سیپتەمبەر 2019

ئەم جارە پرۆلیتاریا هاتۆتە خەبات دژ بەم مێژووە تێکەڵە. لە ڕێگەی پەلاماردانی ڕاستەو خۆ وە خەبات ئەکات دژ بە دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیە تەنیا کاتێك ئەتوانێت خۆی بسەپێنێت کە ڕووی خەباتەکەی بکات بە گژ : ئابووری ، و سوپا، و ڕێکخراوە پرۆفیشنەڵەکان، و هێزە دینیەکاندا ، بەبێ جیاوازی. بەمەش شەلەل بە دەسەڵاتی سەرمایە بێنێت، و برەو بە مۆرکە چینایەتی و سەربەخۆی و ڕێکخراوەیەکەی بدات، و بزووتنەوەکەی کۆمەڵایەتی بکاتەوە.





لێرەوە و لە مەوە

ئەو قۆنتەراتچیە سەربازیەی ، بەناوی موحەمەد عەلی یەوە، کە زیاتر لە پانزە ساڵە لەگەڵ سوپا لە بازرگانی کردندا یە و تا دوێنێش لە گەڵ خانەوادەی El Sisi دا تیکەل بووە و ئەمڕۆ لەگاڵیاندا تێکچووە ، بە پرۆلیتاریا ئەڵێت کە El Sisi بەرتیڵ خۆرە!! وەکو پرولیتاریا لە میسر زیاتر لە پێنج سالە کوشتن و زیندان و سەرکوتکردن و گرانی بە فەرمان ڕەواییی ڕاستەو خۆی El Sisi نەچەشتبێت. نەزانێت کە دەوڵەت سەرکوتکەر و چاوو چنۆك و فەسادە و ...

ئەم قۆنتەرات چی یە پیاو چاکە کە دوای پانزەساڵ لە بازرگانی و شەراکەتی سەربازی خەبەری بۆتەوە کەسێکی سەرمایەداری یە. پشتیوانی دەولەتی و سوپای هەیە. ئەیەوێت "چینی کرێکاران" بەکاربێنێت دژ بە El Sisi بەڵام بە بەرژەوەندی بۆرجوازیەت، و دەوڵەت و دەسەڵاتی سوپا. لە کاتێکدا کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و وسوپا خەریکی گرتن و سەرکوتکردن و کوشتنن لە شەقامەکاندا ئەم پیا و چاکە بە شانوو باڵی ئەم هێزانەدا هەڵ ئەدات بەوەی کە زۆر بە نیشتمانیانە و بە داد پەروەرانە هەڵ سوو کەوت لە گەڵ " خۆ پیشاندەرەکان" دا دەکەن. ئەو داوا لە سەرکردەی سوپا ئەکات کە هەڵسێت بە کودەتای سەربازی و El Sis لابەرێ . بەمەش بەر بە پەرەسەندنی شەڕەکانی پڕۆلیتاریا و کۆمەڵایەتی بوونەوەی بگرێت ، و پارێزگاری لە یەکێتی دەوڵەت و سوپاو بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرجوازیەت بکات.

کات و ساتی ئەم خەباتە کراوەیەی پڕۆلیتاریا لە میسر زۆر زۆر گرنگە، لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- لە دوای بینینی هەستانێکی جەماوەری و کەوتنێکی قورس و سەرکوتکردنێکی خەستی چەند ساڵەوە هاتۆتەوە خەبات. لەم پڕۆسیسەشدا هەم خۆی و هەم دوژمنەکەشی باشتر ناسی. لە نزیکەوە دەستی چزا بە ئاوو هەوای دیمۆکراسیەت و دەسەڵاتی " برا موسڵمانەکان" و سوپای نیشتمانی... و ڕێکخراوە کانی کار و ڕۆشنبیرانیشی تاقی کردەوە..



بۆ ئێرەو

2- دوای زیاتر لە پێنج ساڵ لە داپڵۆسینی هەمەلایەنە، ڕفاندن، تەعزیب، گرتن، کوشتن و شانازی نێو دەوڵەتیەوە بەم پڕۆسیسە .. ئینجاش توانی هێزی ئەو پڕۆسیسە بشکێنێت و بڕژێتە سەر شەقامەکان و پەلاماری هەمەلایەنە بدات.

3- لە کاتێکدا پەلاماری دەسەڵاتی دا کە سەرکردایەتی سوپا و بۆرجوازیەتی میسر ،بەسەر بەرزیەوە شانازیان بە دەسکەوتەکانیانەوە لەمیسردا ئەکرد و سەرمایەداری جیهانیان دڵنیا ئەکردەوە لە سەلامەتی پارەکان و بازرگانیەکانیان لە میسردا..



قاهیره 2011

4- له کاتێکدا یه که دەوڵەتی میسر  خۆی به جێگیر و  یەکگرتوو به هێزە نیشان ئەدات  ،له سەر ئاستی ناوچەیی و نێو دەوڵەتی . بانگێشەی ئەوە ئەکات که ترس له ئارادا نەماوە و وەرن با له میسر پێکەوە خۆمان قەڵەو تر بکەین.
5- له کاتێکدایه که هێزە سەربازی و سەرکوتکەریەکانی میسر  ڕاستەوخۆ بەشدارن له هەموو بەرەکانی جەنگی بۆرجوازی و شاڵاوەکانی سەرکوتکردن  له ناوچەکەدا(تونس، لیبیا، فەلەستین، سۆدان، یەمەن...)
6- له کاتیکدایه که El Sisi له UN و به سەربەرزیەوە  نوێنەرایەتی دەوڵەتی میسر ئەکات و خەریکی پەیمان بەستنی ئابووری و سەربازیە.. ڕۆڵی سوپای میسر له ناوچەکەدا تاوو توێ ئەکات ، و ئامادەیی  بەشداربوونی زیاتری سوپای میسر له کێشمە کێشمەکانی  ئێستاو داهاتووی  کەنداو دا ڕائەگەیەنێت...

ئێمە هەموو مان ئەوە ئەزانیین کە  له ڕووی  مێژوییەوە   هەموو خەباتێکی چینایەتی پڕۆلیتاریا ، جا له هەرچ ناوچەیەکدا رووبدات، دژە به تۆتاڵیتی سەرمایە و دەوڵەت. هەتا ئەم خەباتەش لاواز بێت  ئەم تۆتاڵیەتیەشی بەلێڵی دەر ئەکەوێت. به پێچەوانە شەوە. لەبەر ئەمە ئێمە به پێویستی ئەزانیین که دەست بخەینە سەر گرنگی ئەم تۆتاڵیتیە لەم خەباتەی پڕۆلیتاریا لەم مانگەدا له میسر.
ئەم خەباتە ڕاستەو خۆ دژ به چینی زاڵ دەستی پێکرد. دژ به بوون و قەڵەو بوونی پارەدارەکان. دژ به پله و پایەو بیناو کۆشکەکانیان.  دژ به بڵاوبوونەوەی نەبوونی و داماووی له ژیانی ڕۆژانەی کرێکاراندا، ئەمە لەپاڵ ترس و لەرز و سەر شۆڕی و دەم کوتکردندا....
 به لێدان له یەکێتی نێوان ئابووری و دەوڵەت دەستی پێکرد. به هێرش کردنە سەر سوپا و حکومەتەکەی ، وەکو هێزوو بەڕێوبەرایەتی ئەو یەکێتیە.  یەکێتی نێوان دەوڵەمەندی و دەسەڵات له لایەك و هەژاری و چەوساندنەوە و مەمرەو مەژی له لاکەی ترەوە.
هەروەها ئەم خەباتە ڕووبەڕووی هێزێکی یەکگرتووی، پڕ چەکی، به ئەزموون و پشت ئەستووری  نێودەوڵەتی بووەوە. هێزێک که چەندین ساڵە به ڕاستەوخۆیی هەڵ ئەسێت به سەرکوتکردنی خەباتەکانی پرولیتاریا و پۆلیسی سەرمایە له ناوچەکەدا. لەگەڵ ئیسرائیل و سعودیە و تورکیا و  ئێران و فەڕەنساو بەریتانیا و ڕوسیادا ... سەرمەشقی سەرکوتکردنەکانن  و کوشتارکاریەکانن له تونس، لیبیا، گەزە، سۆدان، یەمەن، عێراق، سوریە...دا

بەم ڕووبەڕوو بوونەوە چاو قایم یەی، ئەم هەستانەی پڕۆلیتاریا لە میسردا، ڕاستەو خۆ بەهێزکردنەوە و تاودانی خەباتی چینایەتی دژ بە سەرمایەیە لەناوچەکەدا. وە لە بەردەوامیدا لێدانە لە و خۆ ئامادەکردنە نێودەوڵەتیەی کە ئەکرێت بۆ بەر پاکردنی جەنگێکی تر لە ناوچەکەدا. ئیفلیج کردنی سوپای میسرییە، ئیفلیج کردنی هاتوو چۆی دەریاییە لە ڕێی کەناڵی سوویسەوە، ئیفلیچ کردنی ( لەگەڵ پڕۆلیتاریا لە سۆدان) بەرەی سەربازی سعودی لە یەمەندا، لێدانە لە جەنگ لە لیبیادا، زەنگ لێدانە بەڕووی دەست درێژکردنەکانە سەربازیەکانی تورکیا و ئێران لە ناوچەکەدا... خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا لە سۆدان ئیستۆپێکی داوە بە بەشداری کردنی سوپای سۆدان لە یەمەندا. ئەم خەباتەی پڕۆلیتاریاش لە میسر ئەتوانێت ئیستۆپێکی باشتریش بگرێت بە لێخووڕنی ئەو خۆئامادەکردنەی کە هەرئێستا ئەکرێت بۆ جەنگ لە ناوچەکەدا. هەروەها بە بەردەوامی جەنگ لە لیبیا و یەمەن دا. ئەتوانێت دەرگاکان بکاتەوە بۆ دەست بەکاربوونی خەباتی چینایەتی زیاتر لە ناوچەکەدا( خۆشبەختانە پڕۆلیتاریا لە لوبنان و لە عێراق ڕێک لەم خەباتەدان ئێستا).



خۆپیشاندانی شەوی یەك شەممە لە قاهیرە: نە ئاڵای وولاتەکە، نە ئاڵا دینی و دیمۆکراتیەکان لە ئارادا نیین. " کەسێش ناڵێت نان و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی " وەکو لە 2011 دا ئەوترا، بەڵکو ڕاستەو خۆ " ڕوخاندنی ڕژێم" بوو، وە لە پێش هەمووشیانەوە دیکتاتۆرە سەربازیەکان Sisi! و ئەوانی تر)

هەچ تەنسیق کردنێك ڕووبدات لە نێوان حاڵی حازی خەبات لە سۆدان و میسردا ، ئەوە دەرگاکان بە فراوانتر ئەکاتەوە بۆ تەقینەوەی زیاتری خەبات و بۆ ئاوو هەوای پێکهێنانی یەکێتی خەبات( تورکیا، ئێران، ئۆردن، جەزائیر، عێراق .. بەدەم ڕێوەن).

لەگەڵ هەموو هاوخەباتیەکماندا لەگەڵ ئەم هەستانەی پڕۆلیتاریا و تۆتاڵیتی پەلامارەکانی لە میسردا، لەگەڵ چاوو قایمی و ئازایەتی هاوڕێ چینایەتیەکانمان، دژ بە سەرمایە و دەوڵەت، ناچارین و هەر ئەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت و گوێڕایەڵی ئەوەبین کە تا چەند پڕۆلیتاریا لە میسردا ئەزموونی لە ڕابردوو وەرگرتووە و ئامادەیە تا کۆتاییی بڕوات. تا ئێستا ئەم خەباتە زۆر بە ڕوونی تەعبیری بەکردەوە ئەکات لە دوژمنایەتیەکەی بۆ دەوڵەمەنەکان، بۆ سوپا ، بۆ جەنگ، بۆ سەرکوتکردن و فەقیری. بەڵام تا چەند ئەتوانێت ئەمە درێژ کاتەوە لە سەر ئاستی کۆمەڵگای سەرمایە: لێدان لە خاوەندارێتی تایبەت، لە ئیش، لە بازاڕەکان، لە دیمۆکراسیەت، لە دامەزراوە یاسایی و ئەخلاقی و دینی و

تەعلیمیەکانی دەوڵەت، لەپاڵ لێدان لە هێزەکانی پۆلیس  و سوپا، لە دەوڵەمەندەکان و لە سەکردەکانی دەوڵەت.. ، ئەمە هێشتا زۆر ڕوون  دیار نی یە.
هەر چۆنێک بێت بەوەی کە " تەجاوەزی هەموو چاوەروانیەکانیان" کردبێت، بەپێی دان پیانانی دەزگانی ڕاگەیاندن، وە بەوەی کە ئیفلیجیان خستە بازاڕی پارەوە لە میسردا( the Egyptian Stoke Market) ، بەوەی کە لەقی خستە جێگاو ڕێگای سوپای میسر ، لە شوێن و هەیبەتی  El Sisi و خیطابەکەی لە UN  دا ، وە بەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، بەمانە ئەم خەباتە خەنجەرە چینایەتیەکەی لە قەبرغەی کۆمەڵی سەرمایە گیر کردووە... ئەمەش هیوای بەردەوامی و خۆشەویستی خەباتی نێونەتەوەیەتی دژ بە سەرمایە ئەوروژێنێت.
لە خەباتی دژ بە چەوساندنەوە و بەرەو  ڕزگاربوونی مرۆڤایەتیەوە ، لە هاوخەباتی ئینتەر نالسیونالیستیەوە، داوا لە هەموو سەربازەکان ئەکەین کە چەکەکانیان بکەن بە گژ دەسەڵاتی سوپادا. لە کۆیلایەتی سوپا ڕاپەڕن و  هاو خەباتی پرۆلیتاریا لە خەباتدا بکەن و سەرکردەو کەڵەگاکانی سەر سەریان  لە پلە و پایەکانیان بڕوخێنن.
بانگێشەی خەباتی ئینتەرناسیونالیستی ئەکەین لە شکاندن و بڕینی  کرداری  سنوورە نیشتمانیەکاندا .. ئەمەش ئەبێتە پشتیوانی و پاڵ نانێکی زۆر گرنگی **خەباتی دژ بەسەرمایە..**

## شیلی: ئێمە بەرەو کوێ ئەچین؟  بەرەو نادیاریی و ململانێی بەردوام!

چەند ووشەیەك لە یاخی بوون و یاخی بووەکانی ئۆکتۆبەرەوە
لە هاوڕێیانی ئەمەریکای لاتینەوە




لە 18ی ئۆکتۆبەری 2019 دا ، شەپۆلێك لە یاخی بوونی گشتی بە پایتەختدا بڵاو بووەوە؛ ئەم یاخی بوونەش  بوو بە سەنگەر گرتن و بەیەکادانی یەك بەدوای یەك لە هەر کات و جێگایەکدا. لە سەرەتادا  لەسەری ئاستی  ئەم شارەکە

پەلاماری ڕەمز و  دام و دەزگا و بیناکانی  دەسەڵات درا، وە ئەمەش هەر بە زویی ووڵاتەکەی گرتەوە. فەرمانڕەوایی درزی برد و چەوساوەکان بەلێشاو ڕژانە سەر شەقامەکان، وە لەناکاو سەرکوتکراوەکان پێکەوە کۆبوونەوە و کەوتنە پەلاماردانی کۆتوو بەندەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە هیچ پلانێکی پێش وەختی نەبوو، بەڵام خۆ بەخۆییەکەی بەڕوونی دووژمنەکەی چاك ئەناسیەوە کە بریتی بوو لە: دەوڵەت، سەرمایە و هێزە سەرکوتکەرەکانی. باشترین نموونەش بۆ ئەمە  نیشانەکانی پەلامارەکانیان: وەزارەتەکان، دامەزراوە مالی یەکان، کۆمپانیاکانی زەوی و زار، کۆگا گەورەکانی کەل و پەل  و  خواردن و.... هتد . لێدانی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕی زاڵ بوو  وە بەشێکی  بەرفراوانی لایەنەکانی ژیانی چەوساندنەوەی گرتەوە...




شیلی

بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەم یاخی بوونە قوڵ و بەرفراوانە، کە لە هەندێ لەکاتەکانیدا وادیاربوو کە بەکاریگەری و بە ڕاستی، لەماوەیەکی کورتدا،  لە توانایدایە کە دەوڵەت بێنێتە لەرزە ، دەسەڵات هەستا بە ڕاگەیاندنی " حاڵەتی طەواری"، سوپای  هێنا بۆ چاودێری کردنی شەقامەکان و سەپاندنی مەنعەتەجەول، کە چەندین ناوچەی گرتەوە و بۆ چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو.
دەسەڵات بە پەلە کەوتە تانە هاووشتنی لەوەی کە: ئەم یاخی بوونە هیچ داواکاریەکی ڕوونی نییە. هیچ "داواکاریەک" یان "داواکاریە" تایبەتەکانی نییە، یان بە مانایەکی تر ، ئەوەنەی هەیە کە لە کۆتایدا ئەبیت  بەوەی کە دژە بەم جیهانەی کە دەسەڵات و کاڵا بە ڕێوەی ئەبات..
ڕووداوەکان لە دەستپێشخەری خێرادان و ڕێچکەی خۆشیان ئەدۆزنەوە... ئێمەش لەم خەباتەدا لە سەر شەقامەکان هەوڵ ئەدەین کە ئەمە بەرین بەرە و ئاستێك لە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتدا کە گەڕانەوەی تیا نەبێت.



شیلی .. کە بۆ ژیان نەبێت هەر بو سووتاندن باشە

هەوڵە جیاجیاکان لە ئارادان لە سەر ئەوەی کە ئەبێت جۆن شەڕەکانمان بە پڕاکتیکی بکەین ، ئەمەش لە باری ئاو و هەوای یاخی بوون و ئەو بوارانەی کە ئەیهێنێتە ئاراوە. ژمارەیەکی بەرچاو خەریکن بانگەواز و لە هەوڵی پکهێنانی کۆبوونەوەی گەڕەکەکان ، تاقکردنەوەی " هێزی دژ" یان " هێزی جەماوەری"، کە بە خۆشحاڵیەوە دەزگاکانی ڕاگەیاند چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن و کردوویانە بە " شوراکانی هاووڵاتیان"، ئەم بانگەواز و هەوڵانە بوار ئەکاتەوە بۆ مفاوەزات و بۆ ڕیزکرنی داواکاریەکان لە سەر مێزی ڕێککەوتن.... وەکو ئەبیینین کە ئەم کۆبوونەوانە (ئەسیم بلیس ) ڕێگایەکی هاووڵاتیانە و ئاشتی خوازانەی بەدیلن بۆ دەرباز بوون لە ناکۆکیەکان و بۆ توووندکردنەوەی دەسەڵات..

بێ گومان تیژبوونەوەی بەربەرەکانیەکان لە هەر شوێنێك بۆی بلوێت بوارەکانی کۆبوونەوە، پەیوەندی کردن و دروستکردنی پەیوەندیەکان ... ئەکاتەوە، ئەمەش هەمیشە لەبەر ڕۆشنایی ئاسۆی خەبات و لە ڕێی خەباتی دژە-دەسەڵاتەوە...کە ئەمەش هاتە ئاراوە و کاتێك کە هیچ شتێکمان نەبرد بەرەو فەرمانڕەوایی و تەقدیس کردن ، ئیتر بیرکردنەوە لەبەربەرەکانێی هەمیشەییی لە جێی خۆیدا یە، وە داینامیکی خەباتەکە هەر ئەبێت وەك پێویست بڕوات بەرەو لەناوبردنی هەموو شێوەکانی دەسەڵات، جائیتر دەوڵەت بێت، ئەسەمبلی(کۆبوونەوە) بێت، یان هەرچیەکی تر کە ئەیەوێت دەست بەسەر ژیانماندا بگرێت.

ئێمە ئەوە ئەبینین کە چۆن سۆشیال دیمۆکراتی هەوڵ ئەدات کە  ئەو تووڕەییە بقۆزێتەوە و بیخاتە چوارچێوەی ئەوەی کە  گوایە "لەدەرەوەی" داخوازیەکانە.  ئێمەش ئەڵێین کە ئێمە داخوازیمان نیە، بەڵکو خۆزگە و هیوامان هەیە،




ئەویش  تێکشکاندنی دەوڵەتە، بە هەموو ئەوانەشیەوە کە پاڵپشت و بەرگری لێ دەکەن.
پێێ ئەچێت کە ئەم کارەساتە کۆمەڵایەتیە  زەنگی ڕووخانی ئەو پەیوەندیانە لێبدات کە لەسەر لۆجیکی سەرمایەداری دامەزراوە، وە بۆی هەیە کە ڕوداوەکانیشی بمان بات بەرە و  خاڵێك کە گەڕانەوەی تیا نی یە...

شیلی    28/ئۆکتۆبەری 2019

## دژ بە ئابووری سیاسی

مارکس، لە سەر ئابووری سیاسی بۆرجوازیەت، لە پێشەکی چاپی دووهەمی سەرمایە بە ئەڵەمانیدا ئەڵێت: "هەر لەو کاتەوەی کە بۆرجوازیەت لە فەڕەنسا و بەریتانیادا سەرکەوتنی سیاسی بەدەست هێناوە، ئیتر بەربەرەکانیە چینایەتیەکان ، چی لەڕووی کرداری و چی لە ڕووی نەزەرییەوە، زیاتر سیما کراوە و هەڕەشەکاریەکانی لە خۆ کرتووە.  ئەم تیژ بوونەوەیەش لێدانی دوا زەنگی مردنی ئابووری سیاسی بۆرجوازیەتی لێ دا.
لێرە بەدواوە ئیتر پرسیاری ئابووری ناسەکان ئەوە نەبوو کە ئەم یان ئەو بیردۆزی ئابوورییە تا چەند ڕاستە، بەڵکو ئەوە بوو کە ئایا سوود بە خشە یان زیان بەخشە بۆ سەرمایە، گونجاوە یان نە گونجاوە بۆی، لە ڕووی سیاسیەوە مەترسی هەیە بۆی یان سەلامەتە.

شۆڕشی 1848 لە سەرئاستی ئەوروپا کاردانەوەشی لەسەر بەریتانیا دروست کرد، لە ژێر کاریگەری ئەم کاردانەوەیەشدا دەستەیەك لە ئابووری ناسەکان هاتن و وویستیان کە ئابووری سیاسی سەرمایەداری بگونجێنن( هارمۆنایز بکەن) لە ڕێی

لەبەرچاو گرتنی ئەو داواکاریانەی پرۆلیتاریاوە کە چی تر نەدەکرا پشت گوێ بخرێت. سەر ئەنجامی ئەمەش ئەو نیمچە ڕەخنە بەرتەسکە کاڵ و کرچەی لێکەوتەوە کە جۆن ستییوەرت میبیل نووێنەرایەتی ئەکرد. ئەمەش بە پێی خۆی ڕاگەیاندنێکی ئیفلاس بوون بوو لەلایەن دەستەیەك لە ئابووری ناسەکانی بوورجوازیەتەوە."

ئەمە ڕەخنەیەکی جەرهەریە، هەم دژ بە تۆتاڵیتی ئابووری سیاسی و ئابووری خوازەکانی، وە هەم دژ بەوانەش کە هەوڵ ئەدەن لە ڕێی بە کریکاری کردنی، یان دەستکاری کردنی، ئابووری سیاسی سەرمایەداریەوە، بانگێشەی کوتاییی هێنان بە دەسەڵاتی سەرمایە بکەن..



بەغداد

# کۆنگۆ

Eastern Republic of Congo / UN and its military Monseco / ADF Islamic forces/ Congolese Government/ Congolese national army

پرۆلیتاریا هەستاوە دژ بەهەمووو ئەمانەو بە جەنگ و پلانەکانی نێوانیان .

مۆنیسکۆ، 8 هەزار هێزی پاراستنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بیست ساڵە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کۆنگۆ دایە.. گەورەترین هێزی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە جیهاندا و یەک بلوێن بوجەی ساڵانەیەتی... پرۆلیتاریا دژ بەم هێزانە و دژ بە سوپای نیشتمانی و حکومەتی کۆنگۆ و هێزەکانی ناڕەزا و جەنگی بیست ساڵەی ناوچەکە... هەستاوە .

لە ڕۆژی دووشەنەی 25 ی مانگی 11، دا پرۆلیتاریا پەلاماری سەرکردایەتی سەبازی UN ئەدات لەناوچەکانی بێنی (Beni ) و گۆما(Goma).. . ئاگر لە پارێزگاری شارەکە و بینا حکومیەکان بەر ئەدات. پەلاماری بنکەی هێزەکانی یو ئێن لە فڕۆکەخانە ئەدات و تێکو پێکی ئەدات. پەلاماری سوپای نیشتمانی ئەدات. بۆ ڕۆژی دووەم بەلێاشاو پێشێلی مەنعەتەجەول ئەکەن و ئەڕژێنە سەرجادەکان و بە دوای بنکەکانی یوئێن دا ئەگەڕێن بۆ تێکشکاندن و سووتاندنی .
“ خۆپیشان دەران زۆر بە توندوو تیژی پەلاماری هێزو بنکەکانمان ئەدەن و بەر بە جموو جووڵی هێزەکانمان ئەگرن، ئەمە یەکەمجارە شتی وا ڕوودات" ( قسەکەرێکی بەرزی یوئێن 26-11-19)



کۆنکۆ: چەوساوەکان دژی UN, ADF Islamic forces/ Congolese Government/ Congolese national army

کۆنگۆ: “ ئێمە لێرەیین بۆ یارمەتی دانی حکومەت و سوپای کۆنگۆ "( قسەکەرێکی بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان (26/11/19



لوبنان






بەلجییك/ برۆسل

# بانگەوازی " هێلەك زەردەكان"  لە بەشی ڕۆژهەڵاتی پاریسەوە

جەنیوەری 2019

هێلەکەکانمان چیتر چاکەتی سەلامەتی هاتووچۆی ڕێگەوبانەکان نیین ؛ بەڵکو بۆنەتە نیشانەی کوڕ و کۆبوونەوەی ئەو بزووتنەوەیەی کە لەسەر ئاستی جیهان بەرپەرچی فەرمان ڕەواییی دامەزراو ئەداتەوە . هۆی بریقەدانەوەکەشی بۆ ئەوە نی یە کە سەرنجی دەسەڵاتداران ڕاکێشێت بۆ هیچ حاڵەتێکی فریاگوزاری یان ناڵە ناڵی کۆمەڵایەتی. ئێمە ئەم هێلەکانەشمان لەبەرنەکردووە بۆ ئەوەی داخوازیەك بخەینە بەردەم دەسەڵات. ڕەنگی زەردی هێلەکەکانمان ئەو ڕەنگە زەردە عادەتیەش نی یە کە لکاوە بە سەر شۆڕیەکەی بزووتنەوەی کرێکارانەوە. ڕەنگی زەردی هێلەکەکانمان ڕەنگی ئەو گڕ و کڵپەیەیە کە لە ناخی بووركانی ئەو شۆڕشە كۆمەڵایەتیە وە هەڵ ئەقوڵێت، کە زۆر دەمێکە لە پەنگ خواردنەوەدایە، وە خەریکە سەرلەنوێ ئەتەقێتەوە. زەردییەکەی لەوەوە هاتووە کە سووری لەئامێز گرتووە.

لە ژێر ناوی "هێلەك زەردەكان"دا ، شەپۆلێك لە ڕەنجدەران بەخەبەر هاتوون، شەپۆلێك كە هێشتا ووڕە لەو بێهۆشییەی كە زیاتر لە چل ساڵە تیایدا نوقم بووە. ئەم شەپۆلە زەبەلاحە چی تر ناوی خۆی نازانێت، چی تر مێژووی سەركەوتنەكانی لەبیر نی یە، چی تر ئەو جیهانە ی لا ڕوون نی یە كە چاوەكانی پێهەڵهاتووە.. لەگەڵ ئەمەش دا ، لەگەڵ هەستانی ئەم شەپۆلە بە شەحنکردنەوەی (چالاککردنەوەی) خۆی ،ئیتر هەستا بە دۆزینەوەی گرنگی هێزەكەی خۆشی. لەپاڵ ئەمەشدا و لە دەمی بەناو برادەرەكانیەوە ، ئەوانەی كە گیرۆدەی خەوو خەیاڵەكانی خۆیانن ، ووشەكانی :" فەڕەنسا"، " خەڵك"، هاووڵاتی" ئەچپێنرێت بە گۆیاندا و بەشێك لەوانیش دووبارەی ئەكەنەوە! بەڵام هەر لەگەڵ ووتنەوەی ئەم زاراوانەدا، ئیتر ئەو تابلۆ سەرلێشواوانەش كە پابەندی ئەم زاراوانەن لە قوڵایی ئەو یادوەرانەیدا كە ئەو تابلۆیانەیان بینیوە دێتەوە یادی. ئەم زاراوانە بەكارهاتوون لە زۆلكاوی داماویەكاندا ، لە سەنگەرەكاندا، لە مەیدانەكانی جەنگدا، لە مانگرتنەكان و لە زیندانەكاندا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە ئەم زاراوانە لە زمانی ئەو دوژمنە زۆرداره، دوژمنی مرۆڤایەتی،

وە هاتووە كە دوو سەد ساڵە زۆر بە لێهاتوانە چاوترساندن و زۆرداری و پڕوپاگەندە بەكار دێنێت. ئەم خوێن مژە كوشندەیەش ، ئەم ڤام پایە( هەڵ لووشە) كۆمەڵایەتیەش ، سەرمایەداریە!

ئێمە ئەم " كۆمۆنێ تیە قەزاو قەدەرە" نیین كە شانازی بە شوناسنامەكەیەوە دەكات، كە پڕە لە ئەفسانە ناسیونالیستیەكان... **ئێمە فەڕەنسی نیین.**

ئێمە ئەو جەماوەرە لە " خەڵكی خوارەوە" نیین، كە ئامادەن ڕیز بگرن لەگەڵ سەروەرەكانیاندا ، بەمەرجێ كە ئەوان بتوانن بە"باشی ئەمان بەڕێوەبەرن". **ئێمە خەڵك نیین.**

ئێمە ئەو كۆمەڵە لە كەسانی تاك نیین، كە بوونی خۆیان تەنیا لە ڕێی ناسینەوەی دەوڵەت و پیرۆزیەكنیدا بەڕەوا ئەزانن. **ئێمە هاووڵاتی نیین.**

ئێمە ئەوانەین كە ناچاركراویین كە هێزی كارمان بفرۆشین بۆ مانەوەمان، ئەوانەیین كە بۆرجوازیەكان، بە زاڵ بوون بەسەرماندا و بە چەوساندنەوەمان ، زۆربەی قازابجەكانیان بەدەست دێنن. ئێمە ئەوانەیین كە ژێر پێ خراویین، كە سەركوتكراویین و كراویین بە قوربانی سەرمایە، لە ڕێڕەوی ستراتیجیەتی مانەوەی دا. ئێمە ئەو هێزە پێكەوەییەن كە هەموو چینەكانی كۆمەڵ لەناو ئەبەیین. **ئێمە پڕۆلیتارییایین.**




بەئاگایین لە بەرژەوەندییە مێژووییەکەمان و لێرەشەوە ئەو ئینزارە لێ ئەدەیین کە:
بزووتنەوەی هێلەکی زەرد تێك ئەشکێنرێت ئەگەر بڕوات لەسەر ئەو بیرو باوەڕەی کە پەرژەوەندی کرێکاران هاوشانە لەگەڵ بەرژەوەندی بۆسەکان(سەروەرەکان) دا...
لە بەئاگایشمان لە ئامانجەکەمان، ئەوە دووپات ئەکەینەوە کە:
ئێمە بەدەم ئەو بانگەوازەوە ئەچین کە لە هێلەك زەردەکانی ئەلیس کۆمیرسی و سەینت نازەری (Alès Commercy و Saint Nazaire) وە هاتووە ، کە پێدائەگرێت لەسەر مەسەلەی ڕەتکردنەوەی پلە و پایەی ڕێکخراوەیی، و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە نوێنەرایەتیەك , سووربوون لەسەر پێویستی پەلاماردانی سەرمایەدارەکان، ئەم بانگەوازە بەلای ئێمەوە ئیشارەتێکە بەرەو پێشەوە..
هەروەها مەبەستمانە کە ئەو ئایدیۆلۆجیا و بەڕێوبەرایەتی و نەقابەگەریە تێك بشکێنین کە ڕێگرە لەوەی کە بزووتنەوەی هێلەك زەردەکان تێکەڵ بە پڕۆسیسی بەرهەم هێنان بێت... بۆ ئەوەی کە بەرهەم هێنان لە ناوەوە ئیفلیچ کات، بڕیاری مانگرتن بدات و مانگرتووەکان تەنسیق کات لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا، بۆ ئەوەی کە هەموو بەشەکانی کرێکاران یەك خات لەسەر هەمان ئامانج کە ئەویش رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری یە ....دەبا کۆتایی بێنین بە پلەو پایە، سەرکوتکردنی سەرمایەداری و دەوڵەت


qui sème le CAPITALISME
récolte un CATACLYSME
ÉCOLOGIE LIBÉRALE MENSONGE DU



**المحتجون يغلقون مدخل ميناء أم قصر مجددا ..**
**أغلق المحتجون ميناء أم قصر من 29 أكتوبر وحتى 9 نوفمبر، باستثناء استئناف قصير للعمليات بين 7 و 9 نوفمبر. وإن هذا الإغلاق أفقد العراق أكثر من ستة مليارات دولار خلال الأسبوع الأول فقط.. و أغلق محتجون عراقيون مرة أخرى مدخل ميناء "أم قصر" العراقي للسلع بالقرب من مدينة البصرة، ومنعوا الموظفين والناقلات من الدخول إليه، مما أدى لإيقاف عمليات النقل بنسبة 50%.**
**وقالت مصادر في أم قصر، الميناء الرئيسي للعراق على الخليج، إنه إذا استمر التوقف حتى بعد ظهر اليوم الاثنين فستتوقف العمليات تماما.**
**أعادت قوات الأمن العراقي فتح ميناء أم قصر قرب البصرة جنوبي البلاد اليوم الجمعة، بعدما فرقت بالقوة محتجين يغلقونه منذ يوم الاثنين. ... أن العاملين تمكنوا من دخول الميناء لكن عملياته لم تستأنف بعد....**

رويترز :**18.11.2019**



بەسرە 11/2019 بڕینی ڕیگای هاتووچۆی بەندەری بەسرە ، بە صەبە و تایەو تێڵاو جزداشە و هێلەکی زەردەو و هێماکانی **سەرکەوتنەوە**

## تیژ بوونەوەی شەڕە چینایەتیەکان لە جنوبی عێراق

بزووتنەوەکە لە شارەکانی خواروی عێراق هێرشەکانی زیاد کردووە. بەتایبەتی لە سێ شاری گرنگی پەرستگای ئایەتووڵاکان ، ناسری یە و کەربەلا و نەجەف. لە کەربەلا یەک هەفتە لەمەو بەو پەلاماری هێزەکانی ئاسایش و بینا حکومییەکان و نالۆیزخانەی ئێرانی دا، لە ناسرییە ئەم شەو (27/11) پەلاماری باڕەگا چەکداریەکانی حکومەتی داو، لە شاری نەجەفیش توانیان هێزەکانی

ئاسایش ببەزێننو بگەنە قونصولیەی ئێران و ئاگری تێبەربدەن( مۆزە ف و پیاوەکانی ئەم دەزگایە له دەرگای نهێنی پشتەوە ڕایان کرد( ئەلجەزیرە 28/11). پرولیتاریا دژ بە ئایەتووڵاکان و هێزەکانیان و داپڵۆسینەکانیان لەسەر خەباتی پڕۆلیتاریا لە ئێران و لوبنان و عێراق دا بەم کارە هەستاون . له ڕەددانەوە بەم هاوکاریە چینایەتییە، حکومەتی عێراق هەڕەشە لە خەباتگێڕان ئەکات. حکومەتی ئێران داوا لە حکومەتی عێراق ئەکات کە سزای ئەوانە بات کە بەم کارانە هەڵ ئەسن. سوپای عێراقی و هێزە تایبەتیەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی مەفرەزەکانی خۆیان ڕەوانەی ناوچە شۆڕشگێڕەکان ئەکەن بۆ کوشتارکاری. ئەیانەوێت بەشی باکوری عێراق له بێکردەوەییەکەیدا بهێڵنەوە و داهاتی زیاتر ئەدەنە حکومەتی کوردی و پەیمانی ئاڵوگۆڕی نەوتی و بازرگانی و مالی ئیمزادەکەن ( 27/11) . ئەگەر پڕۆلیتاریا هەڵ نەسێت بە هاوخەباتی دەست بەجێ ئەوا کوردستان و هێزەکانی( بە سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێران و ناتۆ ) ئەبنە قەڵای پەلاماردانەکان بۆ سەر پڕۆلیتاریا لە هەموو شوێنێکی عێراقدا. دەوڵەت خۆی بۆ پەلاماری سەرتاسەری ئامادە کردووە و پڕۆلیتاریا ئەمە ئەزانێت و دەست پێشخەری ئەکات بۆ بەر پێگرتنی.




عێراق : هاوخەباتی چەوساوەکان و لەیەکدانی هێزیان زۆر ڕۆشتووەو زۆر سنووری شکاندووە



**له زانکۆی Hong Kong Polytechnic تیرو کەوان له پۆلیس ئەگرن**

## بەدەوری فولکەکاندا:

*گۆرانی بۆ بەردوام بوونی بزووتنەوەکە*

بەدەوری فولکەکان دا، ژن و پیاو وەستاون
لەگەڵ ئەو هێلەک زەردانەی کە فولکەکانیان گرتووە
بەدەوری فولکەکان دا، دروشمەکانمان بەرزکردۆتەوە
هاوارئەکەین و ئەڵێین کە هیچمان بۆ نەماوەتەوە بۆی بژیین، ..
له سەکۆی فولکەکەدا ، له یەکەم بەرە بەیانی دا، ژنێکی تورە، کە ڕوتاوەتەوە و بۆنی مردنی لێ دێت، ڕاکشاوە
بە دەوری فولکەکەدا، ئێمە درێژە به خۆڕاگری ئەدەین، خۆشمان کۆنەکردۆتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ..
نە هیچمان له کیس ئەچێت، وە نە **هیچ شتێکیش** وەرئەگرین
بەدەوری فولکەکەدا، باس له هاتنی بەهار و گەشتەکانی ئەکریت ...
باس له دەرەقت نەهاتنی شت کڕین له بازاڕە گران بەهاکاندا ئەکرێت ..
باسی ئەوەی کە بۆ ئەوەی بتوانیین خواردن بەین بە مناڵە کانمان ئەبێت بەرەو مانگ بڕۆیین..
ئینجا هاتنە سەر باسکردنی ئەو ئیشانەی کە ووردە ووردە ئەمان کوژێت، ئەو ئیشانەی کە ئێمە تفی لێ ئەکەین و بەسەریا ئەڕشێینەوە..
باس لەوە ئەکەین کەکاتێک مریەم تەقاعود ئەبێت ، تەقاعودیەکەی چی تر بەشی ناکات و بە 74 ساڵی ئەبێت بکەوێتە ئیشی دعایە بڵاوکردنەوە، بڵاوکردنەوەی سێ مەتری چوار گۆشە لە و دعایە سەخیفانە و بە ڕوبعە قیمەتیش..
ئەوە ڕاستە کە له فولکەکاندا ئاڵای فەڕەنسا هەیە... بەڵام ئایا تۆ وا ئەزانییت کە ئەمە بەرگری کردنە لەم کاتە نادیارانە؟

فەڕەنسا خۆی  تاسەریەسقان ئێمەی ڕسواکردووە،  لە کاتەکانی تەنگانەش دا  خیانەتی لێ کردووییین.
فەڕەنسا لە خزمەتی ئیمپریالیزم دا ئیش ئەکات، و هەمیشە ش خیانەت کار ئەبێت، تۆش ئەبێت چاوەڕوانی خراپتر بییت..
فەڕەنسا کۆسپە لەبەردەم پڕولیتاریاکان دا،
 کۆیلایەتی لە سەر سنوورەکان  ناوەستێت!
لە فولکەکانەوە، ئێمە بەشداری مانگرتن ئەکەین.. مانگرتنێك کە هەڵ ئەسێت، مانگرتنێك کە هێزمان ئەداتێ..
ئێمە چیتر ئەو هەزارەها یە نین کە فولکەکانمان گرتووە، ئێمە ملیۆنەهایین و هیچیش ناتوانێت بمان وەتێنێت،
ئێمە بەندەرەکانمان بەدەستەوەیە و لەسەر شەقامەکانیشین،
دەسەڵات لە تەبەخوور کردندایە، و  چی تر نامان ترسێنێت،
لەو کاتەدا کە ئێمە هێرش ئەکەینە سەر ئاسمان،  ئەستێرەکانیش لە ئامێز ئەگرییین
پێ کەنین و  هاواری  مانگرتنی هەتا هەتایی ئەکەیین
لە فولکەکانەوە، لە فولکەکانەوە، لەفولکەکانەوە، لە فولکەکانەوە





## ماکرۆن( Macron) ، زۆر سوپاست ئەکەین!

تۆ له نێرەکەری(بوغرایی) سیاسیتدا بۆڕی هەموو سیاسیەکانی ترت داوەتەوە، بەمەش هانی ئێمەت دا که به سەدەها هەزارمان بێینه دەرەوە و هەستین بەگرتنی جاده و شەقامەکان. ئەمەش ئیتر مەسەلەکەی لەوە تێپەڕاند که جڵەوەکەی بەینه دەست هیچ پارتێك و سەرکردەیەک و نوێنەرێك. بەمەش ، ئێمه زەبروزەنگی چەوساندنەوەمان تا ئەوڕادەیه بردووه که دەیەها هەزار له ئێمه سووره لەسەر ئەوەی که به جەسەدی( physically) بکەوێته بەرگرنکردن ئەگەر بێته پێویست. ئێمه چیتر ئەو دابەش بوونەمان قبووڵ نی یه لەڕیزەکانماندا له نێوان"کەمتەرخەمەکان" و "ئاشتی خوازازەکان"دا.




ماکرۆن، تۆ بێزی چینایەتیت بەڕووی بۆرجوازیەتدا ئەوەنده قوڵ برد که ملوێنەها له پرۆلیتاریەکان توانیان هۆشمەندی چینایەتی و توانای پێکەوەیی خۆیان بدۆزنەوە. بەیەکەوە، ئێمه چیتر ئەوەمان قبووڵ نی یه که سکی خۆمان بگوشین (tightening of belts) له پێناوی قەڵەوکردنی دەوڵەمەندەکاندا.... ئێمه چی تر دەست پان ناکەینەوە بۆ ئەوەی تۆزێکمان بەنێ، چی تر نه پێوانه دۆڕینەکان (false measures) ی تۆ و نه وانه ئەخلاقیەکانی تۆشمان ئەوێت. مەسەلەکه لەوە دەرچووه که مەسەلەی داخوازی و مفاوەزات بێت، بەڵکو **تێکشکاندن و ڕاماڵینی دەسەڵاتی پارە**یه. چاوەڕوانی ئەوە مەکە که بتوانییت بزووتنەوەکه بخنکێنیت.، ئێمه چیتر خەباتەکەمان ڕاناگرییین. ئێمه دووباره خۆمان له ئاوو هەوای خەباته کۆمەڵایەتیەکاندا ئەدۆزیینەوە ، له خەباتەکانی دژ به ڕەگەزپەرستی، خەباتەکانی دژ به هەموو جۆره فۆڕمێکی فەرمانڕەوایی (form of domination )..

ئێمه دەست له خەبات هەڵ ناگرییین هەتا هەمووتان له گۆڕ ئەنێین، هەموو سیاسیەکان، هەموو بۆرجوازیەکان و ئەوانەی وەکو تۆ ( ماکرۆن) که ئەیانەوێت جڵەومان بگرن، بمان پلیشێننەوە، ڕیزمان کەن و چاودێری ژیانمان بکەن.

ماکرۆن، هیچ خەمی ئەوەت نەبێت، ئێمه هیچ کام له هاوەڵەکانت ناخەینه شوێنی تۆ. ئیوه هەمووتان وەك یەکن. جارێکی تریش زۆر سوپاست ئەکەیین و سەرەڕای هەموو ئەمانەش پێت ئەڵێین که هیچ شتێك نەگۆڕیت، ئیمه خۆمان چارەسەری ئەکەیین.

دەست خۆش بۆ تۆ، و بۆ ئەوانەی وەکو تۆ وان ، ئێمه بەم زووانه ئەبینه ملیۆنەها.. شۆڕشەکەش بەڕێوه یه.

شۆڕش له مارچ دا THE REVOLUTION IN MARCH

ئەم بەیانه بەدەستی بڵاو ئەکرایەوە له ڕۆژی 21/12/2018 له بەردەرگای یەکێك لەژێر زەمینەکانی پاریس دا

Flyer distributed on 21.12 2018 at the exit of the subway in Paris.




**بانگەواز GJ ( هێلەك زەردەكان) لەسەر ئاستی نەتەوەیی : یەك شەممە، 26 یی مەی ، بڕژێنە سەر شەقامەكان لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا**

لە 21 یی مەی 2019 دا بڵاوكراوەتەوە

لە سەرئەنجامی كۆبوونەوەی كۆڕەكانی سەنت – نازاری( Saint-Nazaire) ، هێلەك زەردەكانی تاولۆسی ( Toulouse) هەستان بە بانگەوازێك بۆ ڕژانە سەر شەقامەكان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و لە هەموو شارە گەورەكاندا ، لە ڕۆژی هەڵبژاردنەكانی ئەوروپادا!

دوابەدوای دەعوەت نامەكەی كۆبوونەوەی كۆڕەكانی سەنت – نازاری( Saint-Nazaire) بۆ هەستان بە چالاكی كردن و وورو ژاندنی گشتی لە كاتی هەڵبژاردنەكانی ئەوروپادا، ئێمەش بانگێشەی خڕبوونەوەی ناوچەیمان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی بێینە دەرەوە بەرەو شوێنە گشتیەكان لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا لە رۆژی یەك شەممەی26 یی مەیدا، لە هەموو شارە گەورەكان: تا لە تواناشدا هەیە كۆبینەوە لە زۆربەی مەركەزەكانی دەنگدادا.

بۆ ئەوانەشی كە ناتوانن بەشداری بكەن لە خۆپیشاندانە ئینتەرناسیونالیستی یەكەی بڕوسل دا ، داواتان لێ ئەكەین كە ڕوو بكەنە نزیك ترین شاری گەورە ، بۆ ڕێكخستن و كۆبوونەوە و داگیركردنی شەقامەكان.

هەڵبژاردنەكان هەمیشە مردنی كۆتاییە، بزووتنەوەكە هەر لەسەرەتاوە ئەمەی ئەزانی : خۆمان لە هەموو ئەو تەڵانە پاراست كە بۆیان دائەناین ( چاو پێكەوتن، هاریكاری لەگەڵ حكومەت، بوونی نمایندەكان، مل دان بە حیزب و نەقابەكان، جیاوازی لە نێوان هێلەك زەردی باش و هێلەك زەردی خراپ.... هتد ). هەرگیز ئێمە جارێكی تر ناكەوینە تەڵەی هەڵبژاردنێكەوە كە ... تەنیا ئامرازێكە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ئەوانەی كە دەستیان ئەڕوات( دەزگا سیاسیەكان، سەرمایە زەبەلاحە مالی و ناوداره كۆمەڵایەتیەكان، دەزگاكانی ڕاگەیاندن...هتد)، وە بێ گومان نەک بۆ خزمەتكردنی بەرژەوەندی " ئەوانەی كە هیچیان نی یە". چونكە دەوڵەت لەخزمەتی ئابووری دایە، نەك بە پێچەوانەوە ! ئەو بازووە چەكدارە یە كە پارێزەگاری لە بەرژەوەندی ئەوانە ئەكات كە سەروەت و سامانەكەیان لە

بازرگانی کردن بە پێداویستەکانی ژیانی ئێمەوە کۆدەکەنەوە( خواردن، جێگە و ڕێگا، هاتوو چۆ، جل و بەرگ، تەندروستی، خوێندن...). پارەش لە کۆمپانیا جیهانیەکان وەردەگرێت ، نەك لە حکومەت..

ژیان گرنگە و ئەوەش گرنگە کە خەڵکی چۆن بیری لێ ئەکاتەوە. ئایا تاکە ئامانجی ژیان ئەوەیە کە بە زیاترو زیاتری چەوساندنەوەی خۆمان تۆزێ ماڵ بنێین بەیەکەوە.. ئەمەش لەڕێی کاری بەکرێ، لە ڕێی بەندکردنی خۆمان لە ئیشی پروکێنەرو بێ تام و ژەهراوی داو لە ڕێی تێکدانی زەوی و ژینگەوە..؟ لەبەر ئەمە، هیچ بڕیارێکی سیاسی لە توانایدا نی یە کە ئابووری بروخێنێت، چوونکە ئابووری خۆی پرۆژەیەکی سیاسی هەموو دەوڵەتەکانی ئەم سەردەمەیە: ئەم پرۆژە سیاسیەش کۆنترۆڵ کردنی هەڵ سووکەوتەکانمانە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە هەموو سات و ، هەموو هەلسوڕان و، هەموو کردەوەیەکمان بە بەرهەم بێت و قازانجیان بۆ بێنێ و لە ژێر ڕکێفیاندا بێت. ئەمە نە هیچ فەرمانبەرێکی هەڵبژێردرا و ، نە هیچ پاڕلەمانێکیش بەڕاستی لە توانایدایە بەری پێبگرێت. با لێرەدا یۆنان و ئەو ڕسوابوونەی کە بەسەری هات بە بیر خۆمان بێنینەوە ،کاتێك کە وای ئەزانی کە حکومەتێکی هەڵبژێردراو ئەتوانێت شەڕ لەگەڵ بانقەکاندا بکات( بانقی مەرکەزی ئەوروپی و IMF و ...) . خەڵکی یۆنان تا سەر یەسقان خوێنیان لێ ئەتکا و حکومەتی هەڵبژێردراویش، بە هەموو خۆڕاوەشاندنەکانیەوە، ڕسوا و دەستەمۆ بوو.. لەبەر ئەمە، ئێمە لەوە تێگەیشتین کە تەنها پرۆگرامی کاری ڕاستەقینە ( the real policy) ، ئەوەی کە ئێمە شەشمانگە بە ئەنجام دانی هەڵ ئەسیین، بەگرتن و لێدانی ڕاستەو خۆ لە ئابووری دەست پێدەکات.. لەمەشەوە یە، کە ئێمە پێشنیاری دەست بەکاربوون ئەکەین لە ڕۆژی 26 ی مەی دا: زۆران بازی هەڵبژاردن بەسەر چوو. ئێمە چی تر خۆمانی پێوە خەریك ناکەین. سەرەڕای ئەمەش، ئێمە چیتر ڕێگە بە کاتەکانی ئەم پڕوپاگەندەیە نادەین ، کە تاکە ئامانجەکەی ئەوەیە کە پاکانە بۆ فەرمانڕەوایی زاڵ بکات و سەرعیەتیشی بداتێ. کە ئەمەش جگە لە درۆ هیچی تر نی یە.
ئێمە نە هەڵبژاردنمان ئەوێت و نە نوێنەرایەتیش. چی تر نامانەوێت " نوێنەرایەتی" بکرێین. ناشمانەوێت دەسەڵات بگرینە دەست، دەسەڵاتی "زیاتر" یش مان ناوێت، ئێمە ئەمانەوێت دەسەڵات لە ناوبەرین. نەڵێ
لەبری ئەوانەش، ئێمە خۆمان ڕاستەو خۆ هەڵ ئەسین بەکارە سیاسیەکان، بەبێ دەڵاڵ و بەبێ مەرکەزەکانی هەڵبژاردن. سەلیقە ڕێکخراوەییە کرێکاری و خەباتگێڕییەکان برەوی پێدرا، لەڕێی داگیرکردنی فوولکەکان و شێوازە سیاسیەکانی ترەوە ( کۆبوونەوەکان، هەستان بە ئەرکەکان بە نۆرە، شورای کارامەکان، ئەنجامدا نی ئەو کارو بارانەی کە ئیلزامین و ڕێگە دۆزینەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەیان..هتد). لەڕێی بەرپێگرتنەکانەوە، داگیرکردنەکانەوە، خۆدەربڕینی هێلەك زەردەکانەوە...هتد.
ئێمە دەست هەڵناگرین لە شەڕ دژ بەو ئابووریەی کە کۆتوو بەندی کردووین. بەردەوامیش ئەبیین لە داگیرکردنی شوێنە"گشتی" یەکان تاکو بتوانیین بەردەوام بین لە بەدەست هێنانەوەی ژیانماندا.
هەڵبژاردنەکان هەڵوەشێنراونەتەوە.
بەرەو سەربەخۆییی ماددی و سیاسی!
هێلەك زەردەکانی تۆولۆوسی Yellow vests Toulouse



POLICE ARE STRUGGLING TO BREATH! No even one Flag! بەیروت



بەغداد

# بڵاوکراوەی "Tuk Tuk"

**The headline of this issue is: "No to America, no Israel, no Saudi Arabia, no Iran." ( لە چاو پێکەوتنێکدا هاتووە لەگەڵ چەند هەڵسوڕاوانێکی‌سەر بە بڵاوکراوەی Tuk Tuk" و پابەست بە و بڵاوکراوەوە لە بەغداد لە 20/نۆڤەمبەر 2019)**

" لە بەغداد، هەر ڕۆژ نا ڕۆژی... بەڵگەنامەیەکی زۆر نهێنی هەشت لاپەڕەیی بە ناوی Tuk Tuk" بە لاپتۆپەکەی ئەنێرێت بۆ بنکەیەکی چاپکردنی شاراوە ی نزیك مەیدانی ئازادی شاری بەغداد، .. ئەو مەیدانەی کەکراوە بە بنکەی ئەوەی کە بووە بە بەرفراوانترین بزووتنەوەی خۆپیشاندانی ئەوانەی خوارەوە ( grassroots ) لە مێژووی هاوچەرخی عێراق دا."

ئەم بەڵگەنامەیە" ئەتوانێت وەسیلەیەك بێت بۆ ئاگاداری، بۆ گەیاندنی تازەترین تطورات، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، وەسیلەیەکە بۆ تۆمارکردنی ئەوەی کە ڕووئەدات لە بۆچوونی ئێمەوە"




**"Tuk Tuk" بڵاوکراوەی**

" بیرکردنەوە لە دەرکردنی بڵاوکراوەیەك لە ناوماندا هاتە ئاراوە بەر لە بەرپابوونی شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکان لە 25 ی ئۆکتۆبەردا . شەپۆلی یەکەم لە 1 ی ئۆکتۆبەردا دەستی پێکردوو تا 7 ی ئۆکتۆبەری خایاند..بەرپرسەکانی عێراق هێڵی ئینتەرنیتیان بڕی بۆ ئەوەی کە خۆپیشاندەرەکان نەتوانن پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەن و تەنسیقی چالاکیەکانیان لە شەقامەکاندا بکەن..

"ئێمە ئەمانزانی کە جارێکی تر ئەمە ڕووئەداتەوە ، بۆ یە ویستمان کە ئامادەییمان هەبێت"
" سەرەڕای بڕینی ئینتەرنێت، خۆپیشاندەرەکان تاکتیکی زۆر ووریایانەیان( ingenious tactics ) بەکار هێنا بۆ ئەوەبهێڵی پەیەندی کردنیان کراوە بێت. هەندێکیان سیم کارتی خارجییان ئەکڕی و کارتیان تێ ئەکرد لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری خۆپیشاندەرەکانیان لە ناو بەغدا و لە دەرەوەی بەغداد، بەتایبەتی ئەوانەی خوارو، ئەکرد لە سەر تطوراتەکان ، یان داوای یارمەتی لە خۆپێشاندەرەکانی دەورو پشت لەڕووی خواردن و داوو دەرمانەوە...
بەڵام هەموو ئەوانەی کە لە خۆپیشانداندا بوون ، کە زۆربەیان گەنجەکانی سەر بە ناوچە فەقیرەکانی بەغداد بوون، توانای ئەم سیم تەرتیب کردنەیان نەبوو..

لە پێویستیمانەوە بە وەسیلەیەك کە لە ڕێیەوە بتوانیین هەموومان دەنگمان بە یەکتری بگات و ئاگامان لە یەکتری بێت، بڵاوکراوەی "Tuk Tuk" لە دایك بوو. ناوەکەشی لە و سەیارە سێ تایەییەوە هات کە بوو بووە ڕەمزێکی بەهێزی بزووتنەوەی خۆپیشاندەران، کە بریندارەکانی خۆپیشاندانەکانی ئەفڕاند لە بەرەکانی پێشەوە و، هەندێ جار بەناو دەستڕێژی قەناسەکاندا، بۆ بنکەی خەستەخانەکان"
" بەتەمای ئەوەیین کە "Tuk Tuk" بکەینە بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە. کولفەکەی زۆر کەمە و هەموو ئەوانەی کە ئیشی تیا ئەکەن خۆبەخۆ ئەیکەن(are volunteers ) و چاپخانەکەش ڕازیە بەوەی کە بە خۆڕاییی چاپی بکات و بە PDF یش کۆپی ئەنێرین بۆ شارەکانی خواروو بۆ ئەوەی لە وێش چاپ بکرێت و بڵاو بکرێتەوە...
" بێگومان لە کاتی ئیشەکاندا قڕە قڕ لە نێوانماندا ئەکەوێتەوە، ڕێنەکەوتن disagree ڕوو ئەدات، بەڵام ئێمە هەموومان هەمان ئامانجم و مەبەستمان هەیە، هەمووشمان گوێ لەیەکتری ئەگریین"" یەکێك لە ڕۆڵە هەرە گرنکەکانی ئەم بڵاوکراوەیە ئەوەیە کە ئەو بەیان نامانە بڵاوبکاتەوە کە بە جەماعی ئەو خۆپیشاندەرانە نووسیویانە کە لە ژێر دەوارەکانی مەیدانی ئازادییدا بە کۆمەکی ئەژیین"
" بۆ هەموو ژمارەیەك، ئێمە پێکەوە دانیشتن ئەکەیین و نقاش لەسەر دوا تطوراتی ڕووداوەکان ئەکەیین و ئەوە ئەنووسینەوە کە هەستی پێ ئەکەین و بیری لێ ئەکەیینەوە... بەمەش بوارێك بۆ ئەوە ئەکەیینەوە کەهەموومان بتوانیین قسەکان و بیرکردنەوەکانمان بکەیین بەیەك و تەعبیر لە خۆمان بکەیین بە تاکە دەنگێك .. **ئەو بەیان نامانەی کە لە لایەن خۆپیشاندەرەکانی مەیدانی ئازادی یەوە ئیمزا ئەکرێت، ئەنێرێت بۆ "Tuk Tuk" بۆ بڵاوکردنەوە. زۆربەی کات بابەتی ئەم بەیان نامانە بریتی یە لە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەرەکان بەو ڕووداوە سەرەکیانەی کە لە ئارادان، وەکو کوژرانی خۆپیشاندەرەکان، بیر و ڕا و زانیاریان لەسەر جموو جووڵی بەر پرسە عێراقیەکان و ئەجنەبیەکان ... لە یەکێك لە بەیانەکانی ئەم دواییەدا، نۆێنەرانی 20 چادری مەیدانەکە موناقەشەیان بوو لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان بەدانیشتنەکەی نێوان نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق Jeanin Hennis-Plasschaert، لەگەڵ Ayatollah Ali al-Sistani، و دەرکردنی بانگەوازە ئاشتی یەکەیان.**



قەناسەکان بە لێشاو لە بەغدادا کوشتارکاری ئەکەن و تووك تووك و خەباتگێڕەکانیش لە ژێر قەناسەکاندا هاوڕێ بریندارەکانیان ئەگوێزنەوە

هەروەها وەسیلەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بەیت و بالۆرانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بڵاو ”Tuk Tuk ئەکرێتەوە لەسەر بزووتنەوەی خۆپیشاندەرەکان، بەتاییبەتی ئەو درۆیانەی کە ئەم بزووتنەوەیە پارەو یارمەتی لە دەسەکانی دەرەوە ، لەوانە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەرئەگرێت.. ئێمەش یەك ژمارەمان تەرخان کرد بەتاییبەتی لەسەر ئەمە، تیایدا گاڵتە جاڕیمان بەم بەیت و بالۆرانە کرد. **سەر دێڕی ئەم ژمارەیەشمان ئەمەیە:**

**” نا بۆ ئەمەریکا، نا بۆ ئیسرائیل، نا بۆ سعودی عەرەبی، نا بۆ ئێران"**

ڕۆژیچوار شەممە، 20 ی نۆڤەمبەری 2019

**ئێران / ئەسفەهان**
**Cars block a street during protests in Isfahan.**




در خموشی های من فریادهاست
آن که درباید چه می گویم کجاست؟!!!!!!!!!
مسئولان چرا از اجرای قانون هراسانند!!!!!!!!!!
بازنشستگان کشوری
معلم زندانی
آزاد باید گردد
اتحاد سراسری بازنشستگان ایران
شورای بازنشستگان ایران



ئەسفەهان

## کورتە چیرۆکی داگیرکردنی پرۆلیتاریا بۆ بینایەکی18 قاتی شاری بەغداد، لە دوای شەوی 24 ی ئۆکتۆبەرەوە و، کردنی بە بنکەیەکی بەردەوامی دانی خەبات



“ کۆمەڵێ لە گەنجەکان هەر 18 قاتی ئەم بینایەیان داگیر کردووە. **لە ناو بیناکەدا سەما ئەکەن، شیشە ئەکێشن، تاوڵە ئەکەن و سرودی بڕوخێت فەرمان ڕەوایان** ئەڵێن.

دەست بەسەراگرتنی جەماوەری ئەم بینایە دوابەدوای بەرپابوونی شەپۆلی دووەمی خۆپیشاندانەکان لە شەوی 24 ی ئۆکتۆبەردا دەستی پێکرد. خۆپیشاندەرەکانە دەستمان گرت بەسەر ئەم بینایەدا بۆ ئەوەی کە بەر بە هێزەکانی ئاسایش بگرن و نەیەڵین لێرەوە تەقەمان لێبکەن . هەر وەك چۆن لە شەپۆلی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا کردیان. ئەم بینایە بە چێشخانەی تورکی ناوی دەرکردوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە چێشخانەیەکی تورکی هەبوو لە قاتی سەری سەرەوە لە ساڵەکانی 1980 دا.

"هێزەکانی ئاسایش زیاتر لە جارێك هەوڵیان دا کە بێنە ناو بیناکەوە، زەبرو زەنگیان بەکار هێنا، گازی فرمێسك ڕێژیان بەکار هێنا، لێیان کوشتین، بەڵام ئێمە دەست بەرداری بیناکە نەبووین. ئێمە لێرە دەرناچین هەتا ئەم ڕژێمە بۆگەنە و حکومەتە نۆکەرەکەی ئەڕوخێت" ( کە سێك کە خۆی بە ڕاوێژکاری قاتی 14ی بیناکە پێناسەکرد ووتی.)

لەم بینایەوە، پردی کۆماری کە بەرەو ناوچەی سەوز ئەچێت و جەند ڕۆژێکە بەیەکادانی تووند و تیژی لێ ڕوو داوە ، ئەبینرێت. لێرەوە ئەڕوانن خۆپیشاندەرەکانی تری هاوخەباتەکەیان کە لە سەر ئەمسەری پردەکە سەنگەریان گرتووە و ڕووبەڕووی هێزەکانی ئاسایش بوونەتەوە کە تەقەیان لێ ئەکەن...

هەر ئێستا لە قاتەکانی خوارەوە، گەنجەکان  بە نووسین  لیستەی پێویستیەکانیان بڵاو دەکەنەوە.. دەستەیەك لە خۆ بە خۆ( volunteers) پزیشکیەکان هاتوون سەردانی بریندارەکان ئەکەن و دەمامك و ئینهەیلە و پێویستیەکانی تر ئەدەنە ئەوانەی کە پێویستیانە. “ ئێمە هاتووین کە یارمەتی منداڵەکانمان بدەیین.. ئەگەر ئێمەن ئەمە نەکەیین  ئەی کێ ئەیکات؟ نە وەزارەتی تەندروستی و نە خەستاخانەکانی خۆشمان  داو دەرمانمان نادەنێ بۆ سارێژ کردنی بریندارە خۆپیشاندەرەکان" ( یەکێك لە ئەندامانی تیمەکە).

لە نزیك بیناکەوە ، تیمێکی تری ئەندازیاران خەریکی چاککردنەوەی هێڵی کارەبان، " ئێمە، بەهاوکاری  خۆ بەخۆکانی تر و ئەوانەی کە شتمان بۆ دێنن، بە شەش سەعات کارەبامان خستەوە ئیش لە بیناکەدا، ئەوەی کە لە 16 ساڵ دا هەموو حکومەتە سەر کەوتووە یەك لەدوا یەکەکان نەیان توانی بیکەن!"( یەکێك لە ئەندامانی تیمەکە)



عێراق 2109




عێراق 2019




لوبنان... پارێزەرانی پارەدار و پایەدارەکان بە چەکەوە واقیان وڕماوە... و ناتوانن سایەق پاص و دکتۆر و مامۆستای منالەکانیان و قوتابیان و کرێکارانی شارەکە بە دوژمن ببینن، بەڵام ئەمە بەس نی یەو پێوستە ڕوویان بەمدیودا وەرگێڕن و ڕووی چەکەکانیان بکەنە پایەدار و پارەدارەکانیان و ببنە دوژمنی چەوساندنەوەو هاوڕێی مرۆڤایەتی ...

**"إن الرأسمال عاجز موضوعيا عن إلغاء الفوضى الإقتصادية (قانونه الخاص !) مثلما هو عاجز عن إلغاء البروليتاريا( حاملة الشيوعية!) المنتج الوحيد للقيمة، تلك القيمة التي ينتفي بإنتفائها وجوده هو ذاته. فالرأسمال لا يقدر إلا أن يبحث عن رفع كل قيمة رأسمال خاص على حدة، لكن هذا لا يتحقق إلا بخفض الوقت اللازم لرفع القيمة بشكل عام، الأمر الذي بصورة متعاظمة تقود إلى أزمات اقتصادية وإجتماعية وأيديولوجية تهدد وجود النظام برمته". تێزی ژمارە دە.**

**بۆ ئاگاداریتان**

عینوانە بەریدیەکەمان گۆڕاوەو لەمەولا نامە بۆم ئەم عینوانەی خوارەوە بنێرن

( ئەمە **بەبێ ئەوەی** کە ناوی گروپەکە لەسەر زەرفەکە بنووسن)

BP 33
Anderlecht Autonomie
6A, rue Belgique de l'Autonomie
1070 Bruselas
Bélgica